گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper22

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٨/٠٨
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/١٠/٢٤
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کوردی لە سۆنگەی ژان بۆدریار

**جوتیار اسماعیل جمال**

jutyar.jamal@uor.edu.krd

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان ,عێراق.

## پوختە

بەرخۆریزم بریتییە لە بە ئامانجگرتنی سەبژێکت"Subject" لەلایەن ئۆبژێکت"Object" و بازاڕەوە، کە سەبژێکت خۆی بەرهەمهێنی شمەکەکەیە، بەڵام ئەو لەژێر فشاری زۆر و زیادی شمەکە نمایشکراوەکانی"Spectacle" کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی نقوم دەبێت و خەونە خودییەکانی سەبژێکت لە هەبونی شمەک و کڕین و خەرجکردندا کورت دەکرێنەوە. ئەمەش لەپێناو پێداویستییەکی بەکارهێنانی خودی شمەکەکە نییە، بەڵکو لەپێناو ژمارەیەک کۆدی ترە، بەمجۆرەش شمەک بەڕێژەیەک ڕۆڵی پێدراوە؛ کە بەشداری دەکات لە پێدانی پێگە و شوناسی تاک"Individual"ەکانی کۆمەڵگە، بەهۆی ئەمەوە هەموان لە هەمو گۆشەکانی دونیاوە هەوڵی خەرجکردن و مەسرەفگەرایی شمەکەکان دەدەن. بە تێڕوانینی بۆدریار لەژێر سایەی سیستمی کۆد و مارکە و هێماکان، کۆمەڵگە پاسیڤە و ملکەچی شمەک کراوە، لەم دۆخەدا نیگەرانیی نەکڕینی شمەک سەرهەڵدەدات، چونکە مۆد و نیشانەکان زۆر و کاتین، پارەی کڕینی هەموانیش دابیننابێت، بەهۆی ئەمەش زۆری شمەکەکان لەجێگەی ئەوەی ببن بە مایەی تێربون؛ ڕێگرن لە تێربون، بەمهۆیەوە نیگەرانی نەتوانینی کڕینی شمەک خاڵێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی بەرخۆرە، ئەمەش بارگۆڕینێکی هێناوەتە کایەوە کە، تیایدا سەبژێکت کراوەتە ئامانجی ئۆبژێکت"Object" و شمەکەکان؛ خواست و ئارەزوی تاکەکان ئاڕاستە دەکەن و بەختەوەری سەبژێکت وابەستەی ڕاددەی بونی شمەکەکان کراوەتەوە. کۆمەڵگەی کوردی لە دو دەیەی ڕابردو بەشێوەیەکی خێرا و بێ ئاگایانە بەرەو بەرخۆریزم هەنگاو دەنێت، زەمینەی بە بەرخۆریکردنی کۆمەڵگەی کوردی بریتییە لە ئینتەرنێت و ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، فۆڕمی دیاری ئەمانەش بریتییە لە دەرکێشانی سەبژێکتی کورد بەرەو

دونیایەکی مەجازی، لەبەرئەوە ئامانجمان لەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی پرسی بەرخۆریزمە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لە جومگە بنەڕەتییەکانی بەکاربردن بتوێژینەوە.

**وشە کلیلەکان**: ژان بۆدریار، بەرخۆریزم، سەرواقیع"Hyperreality"، شمەک"Goods"، زرەوێنە"Simulacra"، نماییش، کۆمەڵگەی کوردی.

## پێشەکی

ئەگەر کۆمەڵگەی مۆدێرن سەردەمی بەرهەمهێنانی شمەک بێت، ئەوا لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ-دا سەردەمی بەکارهێنانی و بە هێماکردنی شمەکەکانە، ئەمەش سەرنجمان بۆ بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆڵی شمەکەکان لە ژیانی هەمومان ڕادەکێشێت، لێرەوە بەرخۆریزم وەک کێشەیەکی نوێ و جیهانی سەردەردێنێ. کۆمەڵگەکان و لەناویدا کۆمەڵگەی کوردی بێ ئاگایانە پێشوازی لەم ڕۆڵە ناواقیعە دەکەن و کێبڕکێی پیادەکردن و بەرجەستکردنی دەکەن. لەپێناو شرۆڤە و وەسفی ئەم واقیعەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ توێژینەوە لەم پرسەدا سود هزری فەیلەسوفێکی ئەوروپی "بۆدریار" وەرگیراوە، چونکە ئەو لە بیریارە دیارەکانە کە لەوبوارەدا خاوەن هزر و گوتارە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئامادەیی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگەی کوردی؛ ئەوا تیۆرە ڕەخنەییەکەی "ژان بۆدریار" لەو بوارەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردیش دروستە.

**گرنگی توێژینەوە:** بەخۆریزم چەمکێکی نوێی جیهانییە، ئەنجامی سیستمە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتییەکانە، توێژینەوە بۆ بارگۆڕین و بە شمەکبونی مرۆڤ لەدوای سەردەمی پیشەسازییەوە پێویستییەکی هەنوکەیی-یە.

**ئامانجی توێژینەوە:** بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و هۆشیاری تاکی کورد لە هەمبەر دیاردەی بەرخۆریزم کە دیاردەیەکی جیهانییە، ئەمەش لەوپێناوەی بزانین ئێمە لەکوێی جیهانین. پاشان شرۆڤەی بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کوردی و وەدیهێنانی ئاگایی و تێڕامانی لێکۆڵەر و خوێنەری کورد بۆ ئەم دیاردە جیهانییە ئامانج و گرنگی ئەم توێژینەوەیە.

**پرسیار و گرفتی توێژینەوە:** هۆکار و گوتار و بوارەکانی کۆمەڵگەی بەرخۆریزم چین؟ ئایا ڕۆڵی وێنەکان گەیشتوە بەکوێ؟ ئایا لە سایەی دونیای دیجیتاڵەوە، واقیعی مرۆڤەکان چی بەسەر هاتوە؟ پەیوەندی سەبژێکت"Subject" و ئۆبژێکت"Object" گەیشتوە بە کوێ؟ کۆمەڵگەی کوردی لە کوێی ئەم دیاردە

جیهانییەی كۆمەڵگەكانی جیهانە؟ خودی بەرخۆریزم و تایبەتمەندییەكانی لە كۆمەڵگەی كوردی چۆنە؟ ئایا بەرخۆریزم بۆ كورد دیاردەیەكی تەواو نەرێنییە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** لەپێناو لێتوێژینەوەیەكی ورد و بابەتی، لەم توێژینەوەیە میتۆدی شرۆڤەیی-وەسفی بەكارهێنراوە.

**گریمانەی توێژینەوە:**

1 . لە كۆمەڵگە پێشكەوتوەكاندا لە ئاستێكی فراوانتردا ڕۆڵ دەگێرێت.

2 . لە كۆمەڵگەی بەرخۆردا ئۆبژێكت سوبێكت ئاڕاستەدەكات و دۆخە دەرونییەكانی سوبێكت وابەستەی كەرەستە و ڕادە و جۆرەكانیان بوە.

3 . كۆمەڵگەی كوردی نائاگاییانە ڕوەو كۆمەڵگەیەكی بەرخۆر لە تەواوی ڕەهەندەكانی ژیاندا **هەنگاودەنێت.**

پەیكەربەندی توێژینەوەكە: ئەم توێژینەوە لە دو بەشی سەرەكی پێكهاتوە، بەشی یەكەم دو باسە، باسی یەكەم بریتییە لە، چەمكی بەرخۆریزم"Consumerism" و كۆمەڵگەی بەرخۆر، هەروەها باسی دوەم، هێما، كۆد، نیشانە و نواندن لە كۆمەڵگەی بەرخۆردا، لەم دو باسەدا هەوڵدراوە لە زۆرینەی ڕەهەندەكانی هزری بۆدریار شرۆڤەی "چەمكی بەرخۆریزم لە هزری ژان بۆدریار" بكەین لە دوای شرۆڤەكردنی گۆشە سەرەكییەكانی چەمكی بەرخۆریزم، بەشی دوەم بریتییە لە، بەرخۆریزم و دەركەوتەكانی لە كۆمەڵگەی كوردیدا، كە ئەویش لە دو باس پێكهاتوە، باسی یەكەم: دیاردەی "بەرخۆریزم لە كۆمەڵگەی كوردی" شرۆڤەدەكات و بە سودبینین لە هزری بۆدریار ئەم دیاردەیە لە كۆمەڵگەی كوردی دەخاتەڕو، باسی دوەم: شرۆڤە و وەسفی دەركەوتەكانی بەخۆریزم لە كۆمەڵگەی كوردی دەكەین.

## بەشی یەكەم: بەرخۆریزم لە هزری ژان بۆدریار

بیریاری فەرەنسی "ژان بۆدریار-Jean Baudrillard1929-2007" لەدنیای ڕاڤەكردن و نوسینی فەلسەفی هەنگاوی مەزنی ناوە و خاوەن گۆڕەپانی هزری خۆیەتی، چوارچێوەی هزرە سەرەكییەكانی ئەو لە بازنەی دژە-سەرمایەداری ڕەنگدەداتەوە و ئاڕاستەیەكی ڕەخنەییانەی توند ڕوەو تێكشكاندنی ناوەندێتی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابوری و كەلتوری ڕۆژئاوا وەرگرتوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەو فرەلایەنانە لەبوارەكانی كۆمەڵگەی بەرخۆر و بەهێمابو و ڕوكار-خواز هزریوە. لە نوسینەكانیدا سەبارەت بە كۆمەڵگەی بەكاربەر و بەهێمابو بەرخۆریزم"Consumerism" یەكێكە لەو چەمكە ئاشكرایانەی كە بۆدریار لەسەری وەستاوە.

بۆدریار لە بەرهەمەکانی وەکو: "سیستمی ئۆبژێکتەکانThe System of Objects، وێنەدانەوەکان-Simulations، دوبارە بەرهەمهێنانەوە، ئاوێنەی بەرهەمThe Mirror of Production، گۆڕانی هێمایی-Symbolic Exchange، زرەوێنە و وێنەدانەوە-Simulacra and Simulation، کۆمەڵگەی بەرخۆیی-The Consumer Society" ماهیەتی بەرخۆریی و بەشتبونی مرۆڤ-ی تیادا ڕەنگرێژ کردوە (حەمە، ٢٠٢٣، ٤٧٣-٤٧٥).

**باسی یەکەم: چەمکی بەرخۆریزم"Consumerism" و کۆمەڵگەی بەرخۆر:**

بەرخۆریزم یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی کە فەلسەفەی ژان بۆدریار"١٩٢٩-٢٠٠٧" لەسەری دەوەسێت، ئەو چەمکە ئەوکاتە خۆی مانیفێست دەکات کە خواست لەسەر بەرهەم و شمەک بەرێژەیەک بەرزدەبێتەوە، کردەی بەکارهێنانی بەرهەم جێگەی خۆی لە خودی شمەکەکە وندەکات و لەجێگەیدا خواستی کڕین و خاوەندارییەتی و مەسرەفکردنی شمەک شوێنی بەکارهێنانی شمەکەکە دەگرێتەوە. واتە لەجێگەی ئەوەی شمەک بۆ پێویستی و بەکارهێنان بکڕدرێت؛ بەڵکو لەپێناو مەسفرەکردنی و خاوەندارییەتی کردنیی دەکڕدرێت.

بەتێڕوانینی بۆدریار لە جەنگی دوەمی جیهانییەوە، خۆرئاوا بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەرخۆری هەنگاو دەنێت. ئەم چەمکە لە دەیەکانی "١٩٧٠" بەدواوە لەپێناو وەسفکردنی ڕەوتی "ئابوری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری" بەتایبەت لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی "ئەمریکای باکور، ئەوروپای خۆرئاوا" برەوی زۆری پەیداکرد (Habib, 2018, 43-44). کاتێک شمەک و ئۆبژێکت"Object" بێشومار زۆر دەبن و بۆ هەرکوێیەک بچین شمەکەکان بەشێوەی سیستمی و ڕێکخراوی خۆیان بۆمان نمایش دەکەن؛ ئەوا چیتر خواستی هەبونی شت بۆ تێرکردنی پێداویستی نامێنێت، بەڵکو بنەمای ئایدیای تاک"Individual"ی بەرخۆر بریتیی دەبێت لە خاوەندارییەتی شمەکەکە نەک بەکارهێنانەکەی، بەهۆی ئەمەش بەهای بەکارهێنان بەهۆی سیستمی زیدەبەرهەمهێنانەوە"کە ڕەنگە هەرگیز بەکارنەهێنرێن" خۆی خۆی لەناودەبات (بۆدریار، ٢٠١٨، ١٩٣).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی بەرخۆر بریتییە لەوەی، کاتێک بازاڕ دزە دەکاتەسەر کۆی کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە و مەسرەفکردن بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرە دەسەنێت، خەڵک لە هەمو شوێنێک خەریکی مەسرەفکردنن، لە فرۆشگا گەورەکان، سەنتەرەکانی کڕین، وێستگەی شەمەندەفەر و فڕۆکەخانە و میترۆ، لە مۆزەخانە، لە ڕۆژانی پشو، عەسران، ئێواران، لە سەردەمی ئەمڕۆشدا لە ئینتەرنێتیش هەر خەریکی کڕینین (لیپۆڤیتسکی، ٢٠١٩، ٣٥٥). کەلێنێک نەماوە کە شمەک و بەرهەم پڕی نەکردبێتەوە،

بەڵكو دەورمان بە ئۆبژێكتەكان"Objects" تەنراوە، لێرەوە كەڵەكەڵبون و زۆربونی بەرهەم یەكێكە لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی بەرخۆر، فرۆشگا گەورەكان هاوشان بەگەشەی خێرای جۆرەكانی كەرەستەی خۆراكی و لە قوتونراو، پۆشاك، خواردنی ئامادەكراو، لەسەرزەمینێكی بەفراواندا دەخرێنەڕو. لەوبارەوە بەجیهانیكردنی بازاڕ و گرێبەستە ئابوری و زۆروزەبەندی ئاڵوگۆڕەكان لە هەمو جۆرەكانی بەرهەم و پارە"ئەلیكترۆنی و كاش"، بە گوندكردنی جیهان، كۆتایی بەهاكانە و دەروازەی بە بەرخۆركردنی كۆمەڵگەی بنیاتنا، پاشان لە جێگەی چەمكە گەردونی و جیهانییەكان، شاشە و تۆڕەكان، ژمارەكان، كۆد و ماركە و نیشانەكان جێگەیانی گرتەوە (بۆدریار، ٢٠١٠، ١٠٩).

سەرنجەكانی ژان بۆدریار لەسەر كۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی چڕكراوەتەوە، دەتوانین بڵێین تێڕوانینەكانی ئەو لەبارەی كۆمەڵگەی بەرخۆر سەر بە نەریتێكی فیكری مەزنە، بۆنمونە "هزرمەندی قوتابخانەی فرانكفورت جۆرج لۆكاچ'١٨٨٥-١٩٧١'، بونیاتگەرایی ڕۆلان بارت'١٩١٥-١٩٨٠'، پاشبونیادگەرایی میشێل فوكۆ'١٩٢٦-١٩٨٤'، هەروەها هزرینەكانی نیتچە'١٨٤٤-١٩٠٠'، دی سۆسێر'١٨٥٧-١٩١٣، ماركس'١٨٣٨-١٩١١' و فێبلنی" لە سیستمە فەلسەفییەكەی بۆدریار ئامادەییان هەیە (مەنسور، ٢٠١٨، ٩٨). بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بۆدریار ورد پشكنینی بۆ بارودۆخی واقیعی دۆخی هەنوكەیی سەردەمەكەی خۆی كردوە، پاشان بیركردنەوەی ڕەخنەییانە كۆی هزرە فەلسەفی و سیاسی و ئابوری و كەلتوری و كۆمەڵایەتییەكانی بۆدریاری پێكهێناوە.


ئەو لەڕێگەی شیكاركردنی گرفتە كۆمەڵایەتی و فەلسەفییە مۆدێرنەكانەوە ڕوی لە جۆرێك شیكاری هێماناسی كرد، ئەمەش لەڕێگەی هزری ماركس لەبارەی شمەك و بە "بتكردن-Fetishism"ی شمەك، هەروەها بۆچونەكانی 'فێردینان دی سۆسێر' لەبارەی هێما و نیشانەوە؛ هەوڵی پەیوەندیگرتنی نێوان شمەك و نیشانەكان دەدات، واتە لە قوڵایی سیستمی سەرمایەداری و فیكری ماركسەوە فەلسەفەكەی ئاوەڵادەكات و پێیوایە سەرچاوەی گۆڕینی دونیا لە مۆدێرنەوە دەستپێدەكات، شمەكەكان لە سەردەمی ماركس بەرهەمدەهێنران، بەڵام ئێستا سەردەمی مۆدێرن كۆتایی پێهاتوە، بەڵكو لە سەردەمی هاوچەرخ"پاشتازەگەری" بەرهەمەكان بەشێوەیەكی فراوان بەكاردەبرێن. لێرەوە لەجێگەی ئایدیای بەكاربردنی شمەك، بونەتە ئامرازێك بۆ پەیداكردنی شوناس، چونكە تاك"Individual" شوناسی خۆی لەڕێگەی شمەكەكانەوە دروستدەكات. هەروەك ئەوەی تاكی بەرخۆر ئەكتەرێك بێت هێما و نەزمی نیشانەكان مامەڵەی پێوەبكەن (زەیمەران، ٢٠١٤).

بەمشێوەیە بەرهەمە یەكەمینەكانی بۆدریار لە ڕوانگەیەكی سۆسیۆلۆژی ماركسەوە نوسراون، بەڵام پاشان هزری ماركس تێدەپەڕێنێت و كەوتە ڕەخنەكردنی و پێیوایە پێشبینییەكانی ماركس هەڵەبون لە چالاكی كۆمەڵ و مێژوگەرایەتییەوە، بەڵكو ماشێنی بە "بەرخۆریزمكردن"ی كۆمەڵگە لە سەردەمی مۆدێرنەوە

سەریهەڵدا، لێرەوە جیهان بوەتە فرۆشگایەکی بەکۆمەڵ و ئێمە لەنێو دۆخی بێدەرمانی بەردەوام وەرگرتنداین[i]، ئەویش نەک لەڕێگەی خودا یاخود سروشت، بەڵکو لەڕێگەی ئەو میکانیزمە تەکنەلۆژییەوە کە ئاڵوگۆڕێکی گشتێنراو و چێژی وەرگرتنێکی هاوبەشی ڕەخساندوە، هەمو شتێکمان بەشێوەی ئارەزولێبونێکی مەجازییانە پێدراوە و پاساوی کڕینی هەر شمەکێکیش سازکراوە (بەدلە، ٢٠١٨، ٧١)، (بۆدریار، ٢٠١٩، ٢٣٠).

ئەو زمانەی کۆمەڵگەی بەرخۆر پێی دەدوێت بریتییە لە 'مەسرەفکردن، نمایيشی"Spectacle" لەش و شمەک، بەدیدی بۆدریار کێشەی سەرمایەداری دوایین"Late Capitalism" کە بەهۆی بەرهەمی زۆر و زیاد دەرکەوتوە؛ بەرخۆری و بەکاربردنە نەک بەرهەمهێنان، هەروەک ئەوەی ناوی بەرهەمهێنانە؛ لەژێر فشاری کۆد و نیشانەکانەوە بۆ کەلتورێکی"Culture" بەرخۆری و نمایيشی شمەکەکان وەرگۆڕاوە. واتە شمەک لەناو سوڕی نیشانە کەلتورییەکاندا بەها وەردەگرێت، بەهای نیشانەکانیش لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی تر ڕەوت وەردەگرێت و نیشانەکانی شمەکەکان دەکەونە پێش واقیعی شمەکی کۆنکرێتییەوە (بۆدریار، ٢٠١٨، ٣١٢). هەروەها بە تێڕوانینی ئەو ئێمە لەسەردەمی نوێی لەبەرگرتنەوەدا دەژین، کە تیایدا "داتاکردن و ئەلیکترۆنیکردنی زانیارییەکان"Information"" بۆنمونە پارە وەک کاغەزێکی یاسایی دەبێتە ژمارە و هێمای دیجیتاڵی"، پەیوەندیگرتن'Communication'، پیشەسازییەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیای زانیاری" دەبنە جێگرەوەی بەرهەمهێنان، نیشانەسازی و کۆدەکان لە ئاستێکی بەرفراواندا زۆردەبن و ڕەوتی مێژو و خواست و چالاکی کۆمەڵگە کۆنترۆڵدەکەن[ii] (بۆدریار، ٢٠١٨، ٤١)، لێرەدا واقیع بۆتە وێنەیەکی لەبەرگیراوەی شاشەیی دیجیتاڵی و میدیاوە"Media"، پاشان خودی واقیع چۆتە دۆخی ئاوابونەوە.

**وێنەی ژمارە (١)**



لەم وێنەی ژمارە (١)دا سەرگوزەشتەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە "سەرەتای ژیانی مرۆڤ وەک زیندەوەر" تاکو کۆمەڵگەی مۆدێرن و هاوچەرخ "پاشتازەگەری" کە گەیشتوە بە لوتکە و لە مرۆڤ-بون داماڵڕاوە نیشان دەدات، هەروەها لەم وێنەیەدا تێخزانی مرۆڤ بۆ کۆد و هێما و بەشتبون دەردەخات، کە پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ مرۆڤ-بون، واتە تاکو زیاتر ڕوەو شمەک و کڕین و ڕواڵەتخوازیدا هەنگاوبنێین؛ زۆرتر لە ژیانی مرۆڤییانە دوردەکەوینەوە.

**باسی دوەم: هێما، کۆد، نیشانە و نواندن لە کۆمەڵگەی بەرخۆردا:**

لە کۆمەڵگەی بەرخۆر یاخود لە قۆناغی پاش پیشەسازی"Post Industrial"؛ خەڵکی پەیوەندییەکانی شمەک بە هێما و بەها و واتاوە بەکاردەبەن، خانوی گەورە 'نیشانە'مانای بەختەوەری و هێز و ژیانێکی خۆشە، هەروەها لەبەرئەوەی بەهای بەکاربردن نامێنێت و لەجێگەیدا بەهای نیشانەیی و هێماکانی جێگەی دەگرێتەوە؛ ئەوا بەهای ئاڵوگۆڕیش ئاوادەبێت، چونکە بەهای پارە بۆ کڕینی شمەکە، بەهای کڕین بۆ بەکارهێنانە، بەڵام بەهای بەکارهێنان لەو دۆخەوە ئاوابوە کە هێمای هەبونی شمەک بەرزتر و سەرترە لە خودی شمەکەکە وەک پێداویستییەک، لێرەوە بەهای بەکارهێنان ئاوادەبێت و بەهای خاوەندارێتی و نیشاندانی وەک کۆد و هێما جێگەی دەگرێتەوە، بەمشێوەیە بەهای ئاڵوگۆڕەکەشی دەچێتە خزمەت کۆد و نیشانەکانەوە (بۆدریار، ٢٠١٩، ٣٢١). بەهای نیشانەناسی بەتایبەت لەلایەن پاشبنەماخوازەکان پەرەی پێدراوە، بۆدریاریش بە سودبینین لەمە پێیوایە شمەک لەپێناو بەهای نیشانەکانیان"Sign Value" مەسرەف دەکرێن (بۆدریار، ٢٠١٩، ٤٥). بۆنمونە "کڕین و مەسرەفکردنی تیشێرت و پانتۆڵ و پێڵاو و ئۆتۆمبێل گرنگ نین، بەڵکو مۆد'فاشیۆن'، مارکە، هێما و یەک تاقمی و ئاماژە و نیشانەکانی گرنگترن". لەبەرئەوەیە کە پێداویستیش لە کۆمەڵگەی بەرخۆردا ئەو جۆرە پێداویستییانە نین کە لە سروشتی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەڵکو پێداویستییەکان زۆر دەبن، کە هەر کۆمەڵگەی بەرخۆر خۆی دروستی کردون (مەنسور، ٢٠١٨، ١٠١). واتە کردەی بەکاربردن و پێویستی ڕاستەقینەی کەلوپەل بەهای خۆی لەدەستدەدات، لە جێگەیدا مارکەی شمەکەکە بەهای پێدەدرێت، نمونە بەکارهێنانی پانتۆڵ وەک پێویستییەک بەهای لەدەستدەدات، بەڵام هەبونی پانتۆڵی مارکەیەکی بەناوبانگ بەهای باڵای پێدەدرێت، لێرەوەیە مارکەی پانتۆڵ بەهای سەرترە لە بەهای پانتۆڵ.

لە سایەی لۆژیکی کۆمەڵگەی بەرخۆردا تاک لەپێناو گەیاندنی پەیامی خۆشگوزەرانی و سەرفرازی بەڕوی ئەوانیدیکەدا؛ شمەک دەکڕێت و مەسرەفی دەکات، واتە شمەکەکان لە کۆمەڵگەی بەرخۆردا بەشداری کاران لە دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و هێمای خۆشگوزەرانی تاکەکان. لەم کۆمەڵگەیەدا خواستی کڕین هەمیشە بە فشارێکی زۆرەوە هێرش بۆ تاکەکانی دەهێنێت، ڕوانینێکی جادویی"Magical" بەسەر ژیانی

ڕۆژانە و بڕوابون لەسەر هەبونی هەمەتوانایی نیشانەکان لە ئارادایە (بۆدریار، ٢٠١٨، ٢٥). ئەم هێرشانەش لە ڕێگەی پەیامی میدیایی و ڕیکلام و تۆڕەکانی گەیاندن بەردەوام بەبێ دابڕان دەخرێنە سەر بینەر، بەرخۆر، بەکاربەر، مەسرەفکار، لێرەوە میدیا"Media" دەبێتە زێدەمیدیا"Hypermedia" و ئەوەی دەیگوازێتەوە بریتییە لە لۆژیکێکی نائاکاری و ئایدۆلۆژیایەکی سازکراو بەشێوەیەکی دڵخوازانە، غایبی واقیع و نمایشی"Spectacle" جیهان، چونکە واقیع یاخود حەقیقەت شتێکە لەڕێگەی کۆمپیوتەر، تەکنەلۆژیا، دیزایین و دەزگا پیشەسازییەکان، دروستدەکرێت و سازدەکرێت (Smith, 2001, 1-3)، لەبەرئەوە تاکی مەسرەفکار"ئێمە" بە بارمەتە گیراوە لەلایەن شاشە و ماس میدیاکانەوە.

بەتێڕوانینی بۆدریار ئەگەر مارکس"١٨١٨-١٨٨٣" پێیوابو کۆمەڵگە و چالاکی کۆمەڵایەتی لە ژێر سایەی کۆمۆنیزمدا[iii] سیستمی سەرمایەداری تێکدەشکێنێت؛ ئەوا ئێستا لەژێر سایەی سیستمی کۆد و مارکە و هێماکان، خودی کۆمەڵگە پاسیڤ"ون" کراوە و هەموان ملکەچی شمەکەکانین، لەبەرئەوە سۆسیالیزم لە ناوەرۆکی خۆی داماڵراوە و جەوهەرە کۆمەڵایەتییەکەی خەسێنراوە. ئەگەر لای مارکس کرێکار نامۆی بەرهەمەکەی دەبێت؛ لە کۆمەڵگەی بەرخۆریدا "پاڵەوانەکانی مەسرەفکردن" بەهۆی خەونی "تێربون[iv]"یان لە کڕین و مەسرەفدا نامۆدەبن، چونکە بۆنمونە، مۆد-سەرمەشق و نیشانەکان زۆر و کاتین، پارەی کڕینی هەموانیش دابیننابێت، بەهۆی ئەمەش زۆری شمەک لەجێگەی ئەوەی ببن بە مایەی تێربون؛ ڕێگرن لە تێربون (بۆدریار، ٢٠١٩، ٤٢-٤٦). بەمهۆیەوە نیگەرانی نەتوانینی کڕینی شمەک خاڵێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی بەرخۆرە، هەروەها ئەگەر پێشتر نیگەرانی کەمی شمەکەکان بوبێتین؛ ئەوا ئێستا کۆمەڵگەی بەرخۆر نیگەرانی زۆری شمەک و نەتوانینی ئەوەیە کە بیکڕێت (بۆدریار، ٢٠١٨، ١٤-١٥)

بەمشێوەیە لەبەرئەوەی شمەکەکان زیاد[v] لە پێویستن و ئێمە زۆرترین سەروکارمان لەگەڵ شمەکدایە؛ ئەوا پەیوەندی مرۆڤانە بە پەیوەندی شمەکیی گۆڕاوە، لێرەوە کۆمەڵگەی بەرخۆر کۆمەڵگەی بەرهەمهێنانی شمەکەکان و بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکانیشە (بۆدریار، ٢٠١٨، ٢٧٥). شمەکەکان جۆرێکی تر لە پەیوەندییەکان بەرهەم دەهێنن، یاری ڕادیۆیی شوێنی مەراسیمەکانی نەریتی دەگرێتەوە، پێکەوەیی تاکەکان لەڕێگەی ماس میدیا"Media" و ئامێر و ئێزگە و تۆڕی پەخش دروستدەکرێت، واتە پێکەوەیی و پەیوەندی"Communication" واقیعی شوێنی خۆی بۆ پێکەوەبونی ئەلیکترۆنی و نمایش"Spectacle" و شاشەکان چۆڵدەکات و دواجار کەلتور"Culture" بە مانای گروپ و کۆمەڵگە و کرداری واقیعی نایەت، بەڵکو هەمو ئەمانە دەبن بە نیشانە و کۆدەکان کە بەتەواوەتی لەهەر ناواخنێک بەتاڵ بونەتەوە (بۆدریار، ٢٠١٧، ٩٧).

بە تێڕوانینی بۆدریار کۆمەڵگەی بەرخۆر لەسەردەمی شمەکەکاندا دەژی، بەشێوەیەک کە لەسەر بنەمای دەرکەوتن و ئاوابونی ئەوان دەژی، چونکە دەیانبینین چۆن شمەک لەدایک دەبن، کامڵ دەبن، پاشان دەمرن، لەکاتێکدا لە شارستانییەتی پێشوتردا شمەک و ئامراز و بیناکان نەوە بۆ نەوە دەمانەوە (لیپۆڤیتسکی، ٢٠١٩، ٣٦٢). مەبەستی بۆدریار ئەوەیە بڵێت، کێشەی کۆمەڵگەی بەرخۆر قاتوقڕی شمەک نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە هاوسەنگی بۆ ڕاناگیرێت لەنێوان شمەکە بێشومارەکاندا، لەنێوان تاک و کۆ-دا، بەختەوەری و بەدبەختیدا، شوناس و پوچیدا، بەهۆی ئەمەش کەلتوری"Cultural" بەرخۆری تەنها بە بازاڕەوە ناوەستێت، بەڵکو کۆی پەیوەندییە مرۆییەکان و ژینجیهانی تاک"Individual"ەکان لەرزۆک دەکات (بۆدریار، ٢٠١٨، ٢٧٨). لە هزری بۆدریارەوە ئەوە دەردەکەوێت کە، بنەڕەتی کەلتوری کۆمەڵگە بەشێوەیەکی شێرپەنجەئاسا پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک ئێمە لەسەردەمی نارێکی و ناجێگیری و نەتوانینی گەیشتن بە جێگیریدا دەژین و لە ئاڵۆزی و دیارنەمانی ئارامیدا نقومبوین، ئەمەش بەهۆی گەشەکردنی کارەساتئاسای[vi]کۆمەڵگە ڕویداوە و ئێمە لەنێویدا دەژین (زەیمەران، ٢٠١٤). لەم ڕەوشەی گەشەسەندویی نائاساییانەی کۆمەڵگەدا؛ ئازادیش بەهای خۆی لەدەستداوە، چونکە کردەی ئازادی تەنها لە کڕین و فرۆشتندا خۆی دەنوێنێت، فرەییش هەمەجۆرێتی شمەک و دادپەروەریش بریتی دەبێت لە نرخی گونجای شمەک، ئازادی بەرئەنجامی پێشکەوتنی ئاکاری و ڕوانین لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو ئازادی ئەو پەیوەندییە هاوبەشەیە کە لە گەمەی نیشانە و هێماکاندا پیادەدەکرێت (مەنسور، ٢٠١٨، ١٠٥). هەروەها لە کۆمەڵگەی مەسرەفی (کەممەسرەفی) و سنورداری لە کڕیندا وەک جۆرێک لە ئاکار و ڕەفتاری نەخوازراو لەلایەن کۆمەڵگەوە سەیردەکرێت (لیپۆڤیتسکی، ٢٠١٩، ٣٧٠).

لە هزری بۆدریار لەبارەی کۆمەڵگەی بەرخۆر، ئامانج و ڕۆڵی کەلوپەل و شمەک لەنێوان شمەکەکە و مرۆڤەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت، بۆدریار بۆچونیوایە کە، سوڕی شمەک لەخۆیدا دەبێتە ئامانج، بەبێ ڕەچاوکردنی "خود"ییانەی ئەو سوژانەی دەیکڕن، ئەو پێیوایە کە واقیعێک لە بازاڕ سازکراوە کە کار لەسەر زۆری بەرهەم دەکات، بەمەش تاکو بەرهەمێک زۆرتر بێت، خستنەڕو و جوانینیشاندانیی بە ئامانجی داگیرکردنی خواستی تاک زۆرتر دەبێت (Baudrillard, 1998, 66) هەروەها بەپێی لۆژیکی فەلسەفەی بۆدریار پڕۆژەی زاڵبونی سەبژێکت"Subject" بەسەر ئۆبژێکتدا سەردەکێشێت بۆ ئاوابونی خودی سەبژێکت. ئەمەش بەهۆی بەرهەمهێنان کە ژینجیهانی سەبژێکت پڕ لە شت"ئۆبژێکت" دەکات و دونیای نامرۆیی و ئۆبژێکتی بەسەر سەبژێکتدا زاڵدەبێت (بۆدریار، ٢٠١٩، ٨)، لێرەوە سەبژێکت'خەڵک' گیرۆدەی شمەکەکان دەبێت و ئۆبژێکت و شمەکی جوان، دڵگیر، سەرنجڕاکێش، گرانبەها، سەبژێکتی چالاک و سەروەر بەسەر سروشت؛ لەخۆیدا هەڵدەگرێت و لەجێگەیدا ئۆبژێکت فەرمانڕەوایی سەبژێکت دەکات، بۆنمونە، ئەگەر

مرۆڤ لەنێو ژمارەیەکی زۆر گورگدا گەورە ببێت، ڕەفتاری گورگ دەگرێت، هەروەها ئەگەر مرۆڤیش لەنێو شمەکی بێشومار گەورە ببێت، دەبێت بە "شمەکەمرۆڤ". لەم دۆخەدا بەهای ئاڵوگۆڕ جێگەی خۆی بۆ بەهای نیشانەیی شمەکەکە چۆڵدەکات (بۆدریار، ٢٠١٩، ٤٥).

نیشانەکان[vii] دەبنە هۆی نەفیکردنی شمەکەکان و بەرخۆری لەجێگەیدا دەبێتە ستاییشکردنی لە نیشانەکان، چونکە ڕیکلام کە یەکێکە لە خاڵە ستراتیژییەکانی پرۆسەی بە بەرخۆریزمکردنی کۆمەڵگە، هەروەها مۆد و مارکە و بازار دەبن بە واتای ژیان و ئامانجی ئابوری، بۆنمونە لەڕێگەی پیاهەڵدانی لەش و سێکسواڵیتە لە ماس میدیا و شاشەکانەوە ستایشی لەش و جلوبەرگ دەکرێت، لێرەدا لەش دەبێتە نماییشی"Spectacle" شمەک و خودی لەشەکانیش ڕۆڵی شمەکی مەسرەفی دەبینن، ئەمەش تایبەتمەندی کۆمەلگەی بەرخۆرە (بۆدریار، ٢٠١٧، ٩٣). لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندییەکانیش بە سیمبول دەکرێن و لێرەدا شمەک و مرۆڤ دەخرێنە نێو ئەو پەیوەندییە سیمبۆلییەوە، بەهۆی ئەمەش هەبونی پارەی زیاتر وەدیهێنانی خەونەکان خۆشتر دەکات، چونکە ئاگایی خەڵک لەلایەن کۆمپانیا و ڕیکلام و میدیا و ئۆبژێکتە"Object" سەرنجڕاکێشەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە و کەوتوینەتە ناو خەونی هەبونی نیشانەکانەوە، کڕین و نیشانە و کۆد ژیانمان بەرهەمدەهێنن (پلانت، ٢٠١٨، ٨٢)، لە کۆمەڵگەی بەرخۆریدا چالاکی کڕین لە وڵامی ئەو پرسیارەوە دێت کە تاک"Individual"ەکە دێنێنە نێو سروت و نماییشی دەستەجەمعی بەرخۆرییەوە و بەمرێگەیەوە تاک وێڵی نێو هەڵبژاردنە بێشورمارەکان دەبێت (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٧، ٥)، ئەمەش ڕێک وەک هەڵبژاردنی وڵامی پرسیارە کۆمپیوتەرییەکانە، دەرفەتی هزرین ناهێڵێتەوە، یاخود چالاکی هزرین پاسیڤ دەبێت، ئەمەش بریتییە لە خودی ئەو یارییەی کە کۆمەڵگەی بەرخۆر لەناویدایە، ئەم پرۆسە تەکنەلۆژییەی پەیوەندی"Communication" جۆرێک لە پەیامی ناچارەکی بۆ مەسرەف و نماییشکردن دەخاتەڕو، ئەو پەیامەی کە جیهان و شمەک و پەیوەندی و چێژ و بەختەوەری و ماناکانی لەپێناو ستایشی مارکە و مۆدێلەکان و ئاوابونی ناوەرۆکەکانیان تیادا سازکراوە (بۆدریار، ٢٠١٨، ٣٩-٣٥)، (بۆدریار، ٢٠١٧، ١٠١).

وێنەی ژمارە ٢٠



لەم وێنەیەدا دەستەواژەکەی دیکارت کە دەڵێت: "من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم" ئاوەژو کراوەتەوە بەوەی کە، "من دەکڕم، بازاڕ دەکەم کەواتە من هەم" واتە لە سەردەمی پۆستمۆدرێن-دا بونی کەس وەک تاک بەستراوەتەوە بە ڕادەی هێزی کڕین و مەسرەفکردنی ئەو.

بەمشێوەیە لە کۆمەڵگەی بەرخۆردا مرۆڤ پێویست ناکات بیربکاتەوە، بەڵکو دامەزراوە، کۆمپانیا، ڕیکلام و ماس میدیاکان لە جیاتی ئەو بیردەکەنەوە، کۆنترۆڵی سەرگەرمی و کاتەکانی بەتاڵی دەکەن و دنەی بازرگانی و مەسرەفگرایی دەدەن، سیستمی لێکهەڵوەشاندن و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و ڕەوشی جیهانمان بەسەردا دەسەپێنن، ئەوان سەروکاریان لەگەڵ شیکردنەوەدا نییە، بەڵکو هەروەکو یاری کۆمپیوتەری وڵامەکان ئامادەن و مەودای بیرکردنەوە نادەن، چونکە شمەکەکان زۆر و زیادن کەلێنێک ناهێڵنەوە بۆ بیرکردنەوە، خۆیان پێداویستی نوێ، خواستی نوێ و مۆدێلی نوێ سازدەکەن، ئەوان واقیعێکی مەجازییان بەڕێگەی وێنە"Image" و شاشە و نیشانە و کۆد"بۆنمونە کۆدی 'جوانی'" و مۆد و مارکەکانەوە"Nike" بۆ دروستکردوە (بۆدریار، ٢٠١٧، ٩٣)، تەنها سەرنجێکی تاکەکە بۆ شمەکەکە بەسە تاکو خەونی کڕین و مەسرەفکردنی تەواوی ژیانی بتەنێت، بۆنمونە تیڤییەکان تەنها هەواڵ یاخود وێنە"Image" ناگەیەنن؛ بەڵکو مۆدێل و پەیام و دیزانیی جلوبەرگ و ناوماڵەکانیش نماییش"Spectacle" دەکەن، لێرەوە بینەرانی کۆمەڵگەی بەرخۆر ڕیالیزەی نیشانە و مۆدەکان دەکەن، ئەمەش دەبێت بە سەرمەشق"مۆدێک" بۆ ئەوانی دیکە تاکو لاسایی بکەنەوە، بێگومان سەرمەشقەکانیش کاتین و دەگۆڕێن و مۆد و شمەکی تر دەبن بە سەرمەشق، لێرەوە کردەی مەسرەفکردن، لاساییکردنەوە، ڕیالیزەکردنی سەرواقیعی -Hyperreality[viii] بەردەوام دەبێت، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی بەرخۆر جیهانگیری و پەیوەندیگرتنی دەستەجەمعییە[ix]، واتە ڕوداوەکان بە زویی جیهانی دەبن و بەشێوەیەکی فراوان لەنێو فەزای گشتیدا لەڕێگەی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکانەوە خۆدەنوێنن، چونکە هەواڵەکان هێجگار نمایشی دەبنەوە و واقیعێکی سازکراومان بۆ نماییش دەکەن (بۆدریار، ٢٠١٨، ٢٩).

ڕەهەندێکی تری کۆمەڵگەی بەرخۆر بریتییە لەوەی کە هەموشت سیمایەکی ئێستاتیکی وەردەگرێت، هونەریش لەجیاتی ئەوەی بخرێتە ژێر پۆلێنی ڕوانینێکی هونەری و ناخەکییەوە؛ ئەوا لە "بەئیستاتیککردن"ی ژیانی ڕۆژانەوە تواوەتەوە، چونکە ئایدیای ژیانی ڕۆژانە و ژیانکردن لەنێو جوانی و چێژدا کۆمەڵگەی بەرخۆری پێدەناسرێتەوە. هەروەها سێکسواڵیتە لەسەروی بابەتەکانی کۆمەڵگەی بەرخۆرە، هەمو شتێک ڕەنگوبۆیەکی سێکسی پێدەدرێت، بۆیەکی مەجازی و دابڕاو لە واقیع و لەش، ئەوەی دەخرێتەڕو سیمایەکی سێکسی هەیە تاکو مەسرەفبکرێن (بۆدریار، ٢٠١٨، ٢٢٥-٢٣٢). بەمەش کردەی "سێکسکردن"یش دەچێتە

خزمەت مەسرەفکردنەوە، لەبەر ئەم هۆکارەیە کە چەمکی کۆمەڵگەی بەرخۆر هەندێجار بەرانبەر "چێژخوازی، خودخوازی، ماددەخوازی" بەکاردەبرێت (شوانی، ٢٠١٨). ئەمانەش لەڕێگەی ڕیکلامکردنی شمەکەکانەوە(ئێمە ئارەزوەکانتان بەدیدەهێنین) بەگەڕدەخرێت، کە لەسەر بنەمای سرینەوەی تایبەتمەندییە بابەتییەکانی و بەشێوەیەکی سیستمییانە پەیامی وەدیهێنانی ژیانی خۆشگوزەرانییانە بۆنمونە؛ کڕینی "ئۆتۆمبێل، جلوبەرگی مارکە، باڵەخانەی مەزن...هتد" سازدەکرێت و بێوچان ژیانی بینەر دەتەنێت (بۆدریار، ٢٠١٧، ١١٦). کەواتە ئامانجی میدیا تەنها نمایشی وێنەکان نییە، بەڵکو کارکردنە بۆ گۆڕینی واقیعی بنچینەیی و دروستکردنی واقیعێکی نوێ کە لەمەجازێکی وێنەیی و لەپێناو دروستکردنی باوەڕ و خواستێکی مەجازی دروستکراوە، لێرەوە بینەر ملکەچی ماس میدیا و تەکنەلۆژیاییە بەبێ ئەوەی دەرکی ئەمە بکات، ئاگایی پەسەندکردن، حەزلێکردن، ڕەتکردنەوە لەلایان دەچێنرێت، لەبەرئەوەشە لەم کۆمەڵگەیەدا هەموان لەڕێگەی "چاویلکە"ی میدیاکانەوە لە ژیان دەڕوانن، لێرەوە ئەوە ئۆبژێکت"Object" و کۆد و سیمبۆلەکانییەتی سەبژێکتییان وەک بریکارێکی چالاک هەڵمژیوە و چالاکی سەبژێکتیش تەنها بریتییە لە خۆنمایشکردن بەڕێی سیمبۆلەکانەوە (پلانت، ٢٠١٨، ٤٩)، (محمد، ٢٠١٤).

بەمشێوەیە سەبژێکت"Subject"ی پاسیڤ، هۆشی بە مۆد، ڕیکلام، پەیامی ماس میدیا و شمەکی سەرنجڕاکێشەوە پڕکراوە، لێرەوە کۆمەڵگەی بەرخۆر ڕیالیزەی شمەکە نمایشکراوە سەرنجڕاکێشەکە دەکات، تاکو ئەویش بۆ ئەوانی دی نمایش بکاتەوە، بەمجۆرە کۆمەڵگەی نماییش و بەرخۆر واقیعێکی ساختەی بۆ سازکراوە و ئەویش واتێدەگات جیهانێکی نوێی کەشفکردوە. بەتێڕوانینی بۆدریار دەتوانین بڵێین واقیع دوچاری 'نیهیلیزم' بوە، لەبەرئەوەی لەم کۆمەڵگەیەدا واقیع چیتر نییە و ئاوابوە، چیتر ڕاست و هەڵەش بەهای نامێنێت، چونکە زێدەواقیع دەبێتە واقیع و زڕەوێنە–Simulacra و شاشەکان[x]، لەبەرئەوە لە ڕیکلامیشدا ڕاست و هەڵە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوان لەسەروی ڕاستی و هەڵەوەن و جوانی هونەری ڕازیکردن برەوی هەیە، هەروەک واقیعێکی ڕاستەقینەمان نییە تاکو بەراوردی ڕوداوەکەی پێبکەین، بەمشێوەیە ماس میدیا و شاشەکان دەبن بە بریکاری سەرەکی واقیع، پاشان ژیانی ڕۆژانەش دەبێتە وێنەیەکی ساختە (Smith, 2011, 1-3)، چونکە بەهۆی هێرشی تەکنەلۆژیا و دیزایین و وێنەدانەوە"Simulation"[xi]و نیشانەکان و هەواڵی سازکراوەوە واقیع بەر لە مردنی ئاوادەبێت و واقیعێکی "مەجازی" سەرواقیع"Hyperreality"[xii] و نارەسەن جێگەی واقیعی ڕاستەقینە دەگرێتەوە، بەجۆرێک کە ئاماژەیەک بۆ حەقیقەتی لەخۆیدا هەڵنەگرتوە، بەمەش ئەوەی واقیعە بریتییە لە واقیعی کۆمپیوتەری و نیشانە و هێماکان (بۆدریار، ٢٠١٠، ٣٩).

بەمشێوەیە ژان بۆدریار پێیوایە دەبێت هەموان بەئاگابن لەوەی کە لەنێوەندێکی کۆنترۆڵکراودا گەمەمان پێدەکرێت. پێویستە شمەکەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ بەها پەتییەکەی بەکارهێنانیان و خۆمان بپارێزین لەم سەرمایەگوزارییەی؛ پیشەسازی بەرهەمهێنەرانەی هەمو کوچەکانی ژیان، بە ساختەکردنی واقیع، بە واقیعکردنی زڕەوێنە و کۆد و مارکەکان"Brand"، لە سروشت داماڵینی[xiii] کەلتور"Cultural"، ناوەرۆک و بەلاڕێدابردنی 'مانا' و لە سێکسدا داماڵینی لەش، مەسرەفکردنی میدیا، بەتایبەت پێویستە بزانین هەمو گۆڕانکاری و ئەم کردانە لە فۆڕمدا ڕودەدەن و بێ بەرین لە ناوەرۆک و واقیعی ڕاستەقینە (بۆدریار، ٢٠١٩، ١١٥).

بەتێڕوانینی ئێمە لە پاش سەرنجدانمان لە هزری بۆدریار و گەمارۆدراویمان لەلایەن شمەک و شاشە و واقیعە ماجازییەکەوە؛ هێشتا واقیعی ڕاستەقینە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان ئاوانەبوە و دەتوانرێت هاوتەریب لەگەڵ دونیای زێدەبەرهەم و تەکنەلۆژیا واقیعێکی ڕاستەقینە بەدیبکرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەیدا بۆدریار نکوڵی لەوە دەکات کە چیتر واقیعێک نەماوە تاکو بشاردرێتەوە؛ پێمانوایە لەپاڵ ڕیکلام و شاشە و مۆد و نمایشەوە هێشتا هەستدەکەین واقیعێک شاردراوەتەوە، بەتایبەت بۆنمونە ئەوکاتەی تاک خۆی توانستی ئەوەی هەیە سنورداری بۆ کڕینەکانی دابنێت و ئاگایی خۆی لەبارەی کردەی نمایشەوە بێداربکاتەوە.

هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا"Coronavirus" وەک ڤایرۆسێکی جیهانی؛ پرسیاری جدی و فەلسەفی لەبارەی هەنگاوەکانی پۆست کۆڕۆناڤایرۆس دەردەکەون، دەشێ دروستکەری بیرکردنەوەیەک بن لە هەریەک لە پرسەکانی (خواردن، سێکس، شمەک، پیسکردنی ژینگە، پشودان و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەتەک ئابوری و دراو)دا و ئەم پەتایە پێداچونەوە و مامەڵەکردنێکی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێت و پەردە لەسەر یەک دنیا تاریکپەرستی مرۆڤی هاوچەرخ لادەدات، کە (دەشێ) دواجار سوپاسگوزاری ئەم پەتا جیهانییە بکوژە بین (حەمە، ٢٠٢١، ٧٥). ئەم پەتایە وایکرد پرسیار بخرێتە سەر ئابوری و ئەم جۆرە جیهانگیرییەی کە بەرهەمی ڕۆشنگەری ئەوروپایە و هەنوکە جیهانی ڕۆژئاوای تەنیوەتەوە (حەمە، ٢٠٢١، ٧٧)، ئەمەش ئەو پەیامە دەدات کە دەشێ سروشت لە ڕێگەی چالاکییەکی ناخی خۆی ئەو پەیامە بدات کە زێدەبەرهەم، زێدەواقیع، بە مرۆڤکردنی سروشت، (ڕەنگە) بەردەوام نەبێت (کەریمی، ٢٠٢٠، ٧٩-٨٠). واتە هەروەک چۆن بۆدریار ڕەخنەی هەڵەبونی هزری مارکسی کرد لەبارەی سیستمی سەرمایەداری و چالاکی کۆمەڵگە، ڕەنگە بەهۆی سەرهەڵدانی ئەم ڤایرەسە جیهانی و تازەوە وەرچەرخانێکی دژە ئاڕاستەیی بەشێکی زۆر لە تێڕوانینەکانی بۆدریار خۆی مانیفێست بکات، و وەرچەرخانێکی پێچەوانەی سیستمی جیهانی بازاڕ پیادەبکرێتەوە، هەروەک لە مانگی "٥ی ٢٠٢٠" سەرۆکی

ئەمریکا لە زۆرێک لێدوانەکانی، ڕاشکاوانە و بە متمانەوە بانگی سنورداریێتی بازاڕی جیهانی پاش ڤایرۆسی کۆڕۆنا و ڕەتکردنەوەی جیهانیگیری ڕاگەیاندوەxiv.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە فەیلەسوفی سلاڤۆکی "سلاڤۆی ژیژەک" بۆچونێکی جیاوازی هەیە و پێیوایە کە، بەهۆی جیهانی کۆڕۆناڤایرۆسەوە کەلێنی چینایەتی کۆمەڵگە کە دەرهاویشتەی سیستمی سەرمادەرییە لەنێوان چینەکاندا زۆرتردەبێت و پێیەکانی چینە بەرزەکەی کۆمەڵگە لە ژیانی زۆرینەدا زیاتر دەچەقێنێت، چونکە ئەو پێیوایە زیانە گەورەکەی ئەم پەتایە بەر چینی زۆرەکەی کۆمەڵگە کە (کرێکار و جوتیار)ن دەکەوێت، پاشان پزیشک، کەمترین زیان بەر بەرهەمهێن و خاوەن کارەکان دەکەوێت چونکە ئەوان لە ماڵەوە و لەڕێگەی پەیوەندی و تەکنەلۆژیا کارەکانیان ڕاییدەکەن (حەمە، ٢٠٢١، ٢٤٦)، بەڵام لە دواجاردا ژیژەک جەختدەکاتەوە کە بەڕێی کۆڕۆناوە جیهان دەکەوێتە بەردەم دو بژاردەوە، یەکەم: کۆمۆنیزم و جیهانی هاریکاری و لێکنزیکی چینەکان هەڵبژێرین، دوەم، یاخود سەرمایەداری و بازاڕە ئازاد و جیهانگیرییەکەی کە ناوی دەنێت بە "جیهانی یاسای جەنگەڵ" (حەمە، ٢٠٢١، ٢٥٧).

## بەشی دوەم: بەرخۆریزم و دەرکەوتەکانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا

### باسی یەکەم: بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کوردیدا

زەمینەی شرۆڤەکانی بۆدریار لەبارەی کۆمەڵگەی بەرخۆر کۆمەڵگەکانی ئەمریکای باکور و ئەوروپای خۆرئاوایە، ماوەی تێڕوانینەکانی ئەو بۆ دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم ئەنجامدراوە، پاڵپشت بە شرۆڤەکانی ئەو و بەهۆی گەشەسەندنی نائاسایی بواری تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت لە تەواوی گۆشە و کایەکانی هەرێمی کوردستان؛ دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردی لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر و بەکاربەرە، هەروەک سەرەکیترین ئامرازی نمایش"Spectacle" و بەرخۆری و مەسرەفگەرایی بەشێوەیەکی گشتی لە ئەمڕۆدا بریتییە لە سەرزەمینی میدیا و ئینتەرنێت.

هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە دو دەیەی ڕابردوەوە، کە لەو ماوە بەدواوە ئاستی دامەزراندنی هاوڵاتییانی هەرێم و بودجە و پارەداربون گەیشتنە لوتکەی خۆی، لێرەوە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەسرەفگەرایی و بەرکاربەری ئاڕاستەی وەرگرتوە، ئەم دیاردەی مەسرەفگەراییەش لە تەواوی شوێنەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردی بە سەختی برەوی هەیە. بۆنمونە شارە گەورەکانی هەرێم وەکو "هەولێر، سلێمانی، دهۆک" لە دوای ئەم ماوەوە ساڵ لەدوای ساڵ، خەریکە دەبن بە شوێنی ئوتێلی گرانبەها و مۆڵی گەورە لەسەر شێوازی مۆڵەکانی خۆرئاوا و دروستکردنی بازاڕ و شوێنی پشودانی

هێجگار گران و تازە، بەمرێگەیەوە ئەم شارانە گۆڕاون بۆ شاری پارەخەرجکردن و بازاڕی "پاڵەوانانی مەسرەفکردن" زۆری ژمارەی "چێشتخانە، کافتریا، خواردنی خێرا"Fast Food" و سەرشەقامەکان، بارِ، ئوتێل و مۆتێل و پەرەسەندنی جۆری خواردنە بیانییەکان؛ پیتزای ئیتاڵی، سوپی چینی، خواردنی فەرەنسی" ئەمانە بەشێکی بنەڕەتی ئەو ژێرخانەن لە هەرێمدا کە مەسرەفگەراییان لەسەر وەستاوە و خەڵک ڕۆژانە سەردانیان دەکەن و پارەی بێشوماری تیادا خەرجدەکەن، لۆژیکی ئەم شوێنانەش بازرگانی و مەسرەفگەرییە (قانع، ٢٠١٨، ١٢٢-١٢٣).

بێگومان سەرجەم خەڵک ڕێژەی توانای مەسرەف و کڕینیان وەکو یەک نییە، بەڵام ڕۆژانە سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن، ئەوەی پارەی نەبێت، تەنها بۆ چێژی بینینی جامخانەکان و نمایشکردن سەردانی دەکات، تاکو ئەو خەونە بیری خۆی بهێنێتەوە گەر ڕۆژێک ئەویش پارەی بەدەستخست، بەمشێوەیە مەسرەفگەرایی بکات. واتە مەرج نییە ئەوەی خەرجی ئەمانە نەکات مەسرەفگەرا نییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی بازاڕ وەک پۆشاکی لێهاتوە و کۆمەڵگە دادەپۆشێت؛ ئەوا کێبڕکێی دەوڵەمەندبونی خێرا؛ بەکارهێنانی هەمو ڕێگەیەک ڕەوا دەکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی نۆرمە ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی خەرجکردن و چێژ و نمایشی زیاتردا (قانع، ٢٠١٢، ٩٩)، لۆژیکی ئەم پرۆسیەش بەدەستهێنانی قازانجە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی شوێنی خۆی بۆ پەیوەندی ماددی چۆڵ کردوە.

لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی توێژەر لێتوێژینەوەیە لە دیاردەی بەرخۆریزم لەبواری "شمەک و بازاڕ و دنیای شاشە و دیجیتاڵدا" چڕکراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵگەی کوردی لە بوارەکانی دیکەشدا دوچاری بەرخۆری و خۆ-ونکردن بوەتەوە، بۆ نمونە لەبواری ڕۆشنبیری و ڕونکابیریدا؛ توێژەری بواری فەلسەفە "د. نەوزاد جەمال" پێیوایە کۆمەڵگەی کوردی لەڕوی هزری و توانستە کەسی و خواستە ئاوەزییەکانیشییەوە خەریکی بەرخۆری گەلە باڵادەست و جیهانییەکانە و لەبواری نوسین و توێژینەوەدا خاوەن سەربەخۆیی خۆی نییە و خەریکی خۆڕادەستکردن و خۆڕەتکردنەوەیە، ئەو پێیوایە یەکێک لە هۆکارە ڕیشەییەکانی ئەم دیاردەیە بۆ ژێردەستەیی کۆمەڵگەی کوردی لەڕوی "خاک، جوگرافیا، ئایین و سیاسەت پاشان هزرییەوە"یە (حەمەفەرەج، ٢٠١٩، ١) واتە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی دوچاری بەرخۆریزم لەلایەنی مەسفرەکردن و کڕین و خۆنواندنەوەیە و بەشێک لە کەمینەی ڕوناکبیرەکانیش لەژێر کاریگەری ئەم شەپۆلە بەرخۆرییە دان کە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرەی بەرخۆری یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کوردی.

بەمشێوەیە چەمکی بەرخۆریزم و کردەی مەسرەفگەرایی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک بە هۆکار و تایبەتمەندی و جیاوکی خۆی لە بەرخۆری کۆمەڵگەکانی تر جیادەکرێتەوە، دەرکەوتنی دیاردەی بەرخۆری

لە کۆمەڵگەی کوردی لەپاڵ هۆکارە گشتیی و جیهانییەکان، دو ڕەگەزی تایبەت بونە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە، ئەوانیش یەکەم بریتییە لە سێکتەری نەوت"دەرهێنان، فرۆشتن، دابەشکردنی داهاتەکەی"، وەک فاکتەرێکی مەزنی بە بەرخۆریکردنی کۆمەڵگە دادەنرێت. لەدوای دەرهێنانی نەوت و پەرەپێدانی ئەو بوارە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، لادێ و گوند و جوتیارەکانیان دەستبەرداری کشتوکاڵکردن و خزمەتکردنی زەوییەکانیان بون و ڕویان لە شار و دامەزراندنی هەمیشەیی کەرتی گشتی-میری کرد[xv]، ئەمەش سەرەتایەکی کارەساتئاساى سەرهەڵدانی بەرخۆریزمە لە کۆمەڵگەی کوردیدا (قانع، ٢٠١٨، ١٢٣).

بەهۆی ئەمەوە کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی "پشتبەخۆبەستو"ی ئابوری-کشتوکاڵییەوە بوە کۆمەڵگەیەکی بێکاری، بەکاربەری شمەکەکانی ژیانی. هۆکاری دوەم بریتییە لە: کۆچکردنی گەنجان بۆ وڵاتانی خۆرئاوا و پەیوەندی کۆمەڵگەی کورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر، بەهۆی ئەمەوە شێوازی ژیان، باڵەخانە، سێکس و چێژ و کەرەستەی کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا بون بە سەرمەشق و مۆدێلێک بۆ تاکی کورد تاکو تێبکۆشن و لاسایی ئەوان بکەنەوە، بەمەش سەبژێکتی کورد دەبێتە سەبژێکتی شمەکی و لەژێر فشاری مۆدێل و کەرەستەکانی ژیان خەبات دەکات لەپێناو زۆرترین لاساییکردنەوە. هەروەها دوای کەوتنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی "٢٠٠٣"، شەپۆلی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، گەیشتنە کوردستان و پەیوەندی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر بەشێوەیەکی فراوان هاتە ئاراوە، پاشان کرانەوەی ئەو دەوڵەتە و پرۆسەی بە جیهانیکردنی بازاڕەکان و ئاڵوگۆڕی شمەک لەمسەر بۆ ئەمسەری دونیا فاکتەری گەورەی بە بەرخۆریکردنی کۆمەڵگەی کوردین، چونکە کەلتوری"Cultural" جیهانگیری"Globalization" و بازاڕی جیهانی کەلتورێکی بەرخۆرییە و بەهۆی بەرهەم و شمەکی زیاد و فرەییانەوە؛ دنەی کۆمەڵگەکان دەدات تاکو ئاستی پێداویستییەکانیان بەرزبێتەوە و بەمەش خەرجییەکانیان فرەیی و زۆرتر دەبن، کۆمەڵگەی کوردی دیارترین نمونەی کۆمەڵگەی بەکاربەری فرەیی شمەک و پێداویستی زیادەیە لە "مۆبایل، ئۆتۆمبێل، کەرەستە و جلوبەرگی زیاد، موڵداریی و خاوەندارییەتی زیاد"ە (قانع، ٢٠١٢، ٧٦). کەواتە دیاردەی بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کوردیدا دیاردەیەکی سروشتی"خۆرسک" نییە، بەڵکو ئەنجامێکە و کۆمەڵگەکان خۆیان دروستیان کردوە، لە پاڵ سێکتەری نەوت، کۆچکردنی گەنجان، گەشەی تەکنەلۆژیا؛ یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بە بەرخۆریبونی کۆمەڵگەی کوردی دیاردە و نەزمە جیهانییەکانە.

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کورد بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن نییە و هێشتا کەرتی پیشەسازی لە سەرجەم بوارەکانی "ئامێرەکان، جلوبەرگ، ئۆتۆمبێل و تەندروستی و...هتد" ئاستێکی سەرەتاییدایە[xvi]؛ ئەوا نزیکەی سەرجەم شمەک و خواردنەکان لە دەرەوەی هەرێم هاوردەی دەکرێت و

ئێمەش بەکاریان دەبەین، خۆرئاوا بەرخۆری بەرهەمەکانی خۆیەتی، بەڵام کورد بەرخۆری بەرهەمی کۆمەڵگەکانی ترە، بەهۆی ئەمەش ئێمە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە بەرهەمهێنەکانی خۆرئاوا لە دو لایەنەوە بەرخۆرین، یەکەم بەرخۆر و بەکاربەری شمەکەکانی دەرەوەین، چونکە ئێمە شمەکەکانمان بەرهەم نەهێناون، بەڵکو ئەگەر شمەک و تەنانەت خواردنیشمان لەدەرەوە بۆ هاوردەنەکرێت، ئێمە دوچاری دۆخێکی دژوار دەبینەوە، لە خواردنەوە بۆ جلوبەرگ و شمەکەکان، لە کرێکاری بیانییەوە بۆ تەزوی کارەبا و نەوتی سپی ماڵان (قانع، ٢٠١٢، ٣٣).

دوەم ئێمە بەرخۆرین لە مەسرەفگەری و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر، بەرخۆرین لە نمایش"Spectacle" و توانەوە لەنێو ئەو ئۆبژێکتانەی کڕیومانن و ئەوانەشی خەونی کڕینمان بۆیان هەیە. لێرەوە سەبژێکتی کورد سەبژێکتی پاسیڤە و بەهۆی نەزمی مەسرەفگەری کۆمەڵگەکانی ترەوە کێبڕکێی کڕین و خەرجکردنی ئامێرەکانیان دەکات. ئەم فاکتەرەش کۆمەڵگەی کوردی کردوە بە یەکێک لە بەرخۆریترین کۆمەڵگەکانی ناوچەکە و چالاکییەکانی بریتین لە چالاکی خواردن و کڕین، مارکێت و بازاڕکردن، بۆ ئەم ڕوانینە ژمارەی زۆری مۆڵ و مارکێت و چێشتخانە و کافتریاکان بەڵگەی دیارن، بەهۆی ئەمەش کەلتوری بازاڕکردن هەست و سۆزی بەرخۆرەکانی داگیرکردوە (قانع، ٢٠١٢، ٢٦). واتە بەرخۆری لە کۆمەڵگەی کوردی بەڕێی شمەکی هاوردەوە دەبزوێت، بەمپێوەرەش تەنانەت خودی دیاردەی بەرخۆری لە کۆمەڵگەی ترەوە بۆ کۆمەڵگەی کورد هاوردەکراوە، چونکە گرنگترین فاکتەری دەرکەوتنی بەرخۆری لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەستە بە تەکنەلۆژیا و بەرهەمی وڵاتانی ترەوە و کورد خۆی دروستی نەکردوە، بەڵکو بەرخۆری کورد بەڕێی لاساییکردنەوەی خۆرئاوا و کۆمەڵگەکانی باشور جموجۆڵ دەکات؛ ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی بەرخۆری کۆمەڵگەی کورد لەسەر شێواز و مۆدێلی بەرخۆری کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا پیادە بکرێت، بۆنمونە لە ڕێکەوتی هەندێ ڕۆژەکانی ساڵ وەکو "ڕۆژی ڤالانتاین، سەری ساڵ، ڕۆژی باوکان ،دایکان..." کەلتوری بەرخۆری "Cultural Consumerism" کۆمەڵگەی خۆرئاوا هاوردەی کۆمەڵگەی کوردی کراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کوردی بۆ بە جیهانیبون"Globalization" و بازاڕی ئازاد دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەمەوە بازاڕی بەرهەمەکان لەو گەرمە کە کڕیاری لێیە، کۆمەڵگەی بەکاربەر وەک عێراق و هەرێمی کوردستان بازاڕێکی لەبارە بۆ گەرمکردنی بەرهەمەکان، ماشێنی بزواندنی سەرنجی تاکی ئێمە بۆ بەرهەم و شمەکەکان ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: "تیکتاک" و ئەوانی دیکەیە، ئەمانە هۆکار جیهانی و دەستەجەمعییەکانن، دەرهاویشتەی ئەم بارودۆخە کاریگەری نەرێنی کردوەتە سەر باری دەرونی تاکەکان، بەوەی کە بەکاربردنی

بەرهەمە براند و مۆدێلەکان لە دەرونی تاکدا وەک پێداویستییەکی دەستبەردارنەبو ڕەچاو دەکرێت، هەروەک ئەو خانمەی گوتی: "لەو کاتەوەی جوانکاریم بۆ لوتم کردوە هەست دەکەم ژیانم خۆشتر بوە".

بەمجۆرە لەم دەیەی دواییدا بەرخۆری لە کۆمەڵگەی کوردی بوەتە دیاردەیەکی جەماوەری بەرفراوان، ئاکاری تاکێک یاخود گروپێک نەماوە، بەڵکو خوێندەوار و نەخوێندەوار، سیاسی و ناسیاسی، دیندار و لادین، دەوڵەمەند و هەژار، کوڕ و کچ، بەرخۆرە و درێژکراوەی سیستم و مۆدێلی کۆمەڵگەکانی تری دونیایە (قانع، ٢٠١٢، ١٠). سروشتی بەرخۆریش هەروەکو پەروەردە، دەرفەتی کەلتوری یەکسانی بۆ پەیکەری کۆمەڵگە دابیناکات، بەڵکو ناوەرۆکی کۆمەڵگەی بەرخۆر بریتییە لە چەندین کەلێنی چینایەتی لە ئاستی ماددی، پێگەی کۆمەڵایەتی و ململانێی دەرونی تاکەکان لەگەڵ یەکدیدا (بۆدریار، ٢٠١٨، ٧٤)، هۆکاری ململانێکانیش فشاری کڕینی زۆر و نرخی شمەک و کۆدە سەرمەشقەکانە.

لێرەوە یەکێک لـە تایبەتمەندییەکـانی بەرخۆری لە کۆمەڵگەی کوردی بریتییە لـە هـەبونی سێ چینی کۆمەڵگە لـە ئاستی مـاددی و ژیانکردنـدا، ئـەوانیش بریتین لـــە "١- چینی ئاستبەرز، ٢- چینی ناوەڕاست، ٣- چینی ئاستنزم"؛ بەهۆی ئەمەوە جۆر و کوالیتی"Quality" ئەو شمەکانەی ئەم چینانە مەسرەفی دەکەن لێکجیاوازن، خەڵکانی ئاستبەرزی مەسرەفگەرا کە کەمینەیەکی کۆمەڵگەی کۆمەڵگەی کوردین، هاوشێوەی مەسرەفگەرا خۆرئاوایی و کۆمەڵگەکانی باشور ژیان دەکەن، شمەکی مارکەی ئەوروپی و گرانبەها بەکاردەهێنن و لەڕێگەی خەرجکردنەکانییانەوە خۆیان نماییش دەکەن و پێگە و شوناسی کۆمەڵایەتیشیان بەڕێگەیەوە بنیاتدەنێن. دەتوانین بڵێین دیاردە یاخود گوتاری بەرخۆری لە کوردستان لەڕێگەی ئەم چینە دەوڵەمەندەی کۆمەڵگە هاتۆتەئاراوە، بەتایبەت ئەوکاتەی لەڕێگەی ئەوانەوە پەیوەندی مرۆڤی و بابەتی لە هەمو شتێکدا گۆڕدرا بۆ پەیوەندی شمەکی. چینی دوەمی کۆمەڵگە، شمەکی تورکی و بەرهەمی هاوردەی وڵاتانی دراوسێ بەکاردەهێنن، پاشان چینی ئاستنزمی بەرخۆر کە داهاتی مانگانەی تاکی ئەم چینە کەمترە لە سەد دۆلار شمەکی وڵاتی چین و کوالیتی نزم مەسرەفدەکەن ئەمەش وەک کردەیەکی لاساییکەرەوەی چینی ئاستبەرزی کۆمەڵگە، هەردو چینی خوارەوەی کۆمەڵگە دەکۆشن تاکو پارەی زۆرتر بەدەستبخەن بە ئومێدی گەیشتن بە ئاستی مەسرەفکردنی چینە بەرزەکە، چونکە بون و شوناس و خەون و بەختەوەربونی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە ژیانیان هاوشێوەی چینە ئاستبەرزترەکەی خەرجکردن لێبکەن، ئەوان گەرەکییانە شمەک و کەرەستەی "بۆنمونە لاپتۆپ، مۆبایل، ئۆتۆمبێل" سەرمەشقەکانی کوردستان مەسرەفبکەن کە چینە بەرزەکە مەسرەفی کردوە (قانع، ٢٠١٢، ١٠)، چونکە بەگوێرەی گوتاری دەرونزانان، پرسی خواستی خاوەندارییەتی پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و دەستەجەمعییەکانە فشار بۆ تاکەکان دەهێنێت تاکو تێبکۆشن لەپێناو کۆکردنەوە و زیادکردنی ئەو شمەکانەی کە خاوەندارییەتییان دەکەن (قەرەچەتانی، ٢٠٠٧، ١٠٨)، کە ڕەنگە

ئەو شمەکانەش هەرگیز بەکارنەهێنن، چونکە خواستەکە لە ئەنجامی فشارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتوە نەک ئایدیایەکی خودی بێت و لە ئەنجامی پێداویستی بەکارهێنانەوە هاتبێت.

بەمرێگەیەوە مارکە و مۆدێلە سەرمەشقەکان ئۆبژێکت"Object"ی ئارەزوی مەسرەفکاران و خەڵکی بەرخۆرن، و ئۆبژێکتەکان کەلتوری تایبەتی خۆیان دروستدەکەن، ئەوان دەبن بە بەشێکی بنەڕەتی ژیانی ڕۆژانەمان، چونکە کۆمپانیا و ژیانی پاڵەوانانی مەسرەفکردن بەجۆرێک نائارامی و سەرلێشێواوی لەسەر کەسی بەرخۆر دروستدەکەن، کە تەنها کردەی خەرجکردن و پارەی زیاتر و هەبونی شمەکی مارکە ئارامی و ئاسایشی پێدەدەن (لیپۆڤیتسکی، ٢٠١٩، ٣٦١)، بۆنمونە بەهۆی ئەو فشارەی کۆمەڵگەی بەرخۆر لەسەر تاک دروستی دەکات، چالاکی سیاسی و کارکردن لەگەڵ پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە ئایدیای حزبی و نیشتیمانی و باوەڕدارییەوە، گۆڕاوە بۆ ئامرازێکی پەیداکردنی پارە، چونکە هەم کاربەستی باڵای حزبەکە بەرخۆرە، هەم ئەو تاکەی لە خوارەوە کاریان لەگەڵ دەکات بەرخۆرە.

ڕەهەندێکی تری بەرخۆری کۆمەڵی کورد بریتییە لە تەکنەلۆژی و دونیای دیجیتاڵ و مەسرەفکردنیان. لەم سەردەمەدا سەرجەممان لانیکەم بەکارهێنەری یەکێک لە ئامێرە تەکنەلۆژییەکانین، لە ئێستادا زۆرینەی تاکەکان، گروپ و ڕێکخراو و سەندیکا سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەییەکانی کوردستان لەنێو دونیای دیجیتاڵ، هەژمار و پەڕە و واڵی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە دونیای شاشەکان ئامادەییان هەیە. ئێستە ئامێرە دیجیتاڵییەکان بەجۆرێک ئامادەییان هەیە کە زۆرجار وەک درێژکراوەی جەستە و کەسایەتی هەڵگرەکانیان دەردەکەون، و دیجیتاڵ لەنێو فەزای گشتی و تایبەتی کۆمەڵی کوردی خۆی مانیفێست دەکات، ئەوان دەزگای خستنەوەی مەسرەفگەری و نمایشین، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی ئەو کەرەستە و ئامێرەکانەیش بەرهەمی وڵاتانی ترن و ئێمە بە خێراییەکی پێوانەیی مەسرەفیان دەکەین (محمد، ٢٠١٤).

بەمرێگەیەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم شەپۆل و ژینگە دیجیتاڵییە، خەون و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ کۆمەڵگەیەکی یۆتۆپی و بەرخۆری هاتەئاراوە و ئینتەرنێت بو بە کایە و سەرزەمینێکی ڕاستەقینە بۆ خەرجکردن و سەرگەرمی و دابڕانی کۆمەڵایەتی (کۆنۆر، ٢٠١٩، ٢٥٠)، چونکە دونیای ئینتەرنێت دونیای تەمبەڵی و سستی و ناچالاکییە، بەهۆی ئەمەش تاکی بەرخۆر پەیوەندییەکانی لەڕێگەی ئینتەرنیت پەرەپێدەدات. ئەمڕۆژانە ماس میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دونیای واقیع و چالاکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کورد و بەشێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەمان پێکدەهێنیت و گرنگترین زەمینەی نمایشکردنی جلوبەرگ و پێگەی کۆمەڵایەتییە، بۆنمونە؛ فەیسبوک بوەتە ئامرازی بەرهەمهێنانی شوناس و پێگەی تاکەکان. هەروەها بوەتە زەمینەی نمایشکردنی مەعریفەکانیشیان، بەڕێی گوتە و نوسینی واڵەکانیان

نمایيشی زانین و شوناسی ڕۆشنبیریان دەکەن (کاڕ، ٢٠١٩، ٣٨٩-٣٩٢)، بەڕێی فەیسبوکەوە هەموان نوسەرن، بەجۆرێک فەیسبوکەوانی دەگمەن هەیە پۆستەکان بخوێنێتەوە، بەڵکو هەموان خەریکی نوسین و خۆ نیشاندانن. لەبەرئەوە مەسرەفکردنی ئینتەرنێت و ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بوارێکی فراوانی خەرجییەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری خەرجکردنی ئەو بوارە، خودی بەرهەمەکان نییە، بەڵکو کەرەستە و ئامڕازەکانییەتی "بۆنمونە خراپبونی، بەرگ و کەڤەر و بەرنامەکانی ناوی".

بەمجۆرە یەکێکی تر لە ماشێنەکانی بەگەڕخستنی بەرخۆری لە کوردستان بریتییە لە میدیای کوردی و وەک یەکێک لە زەبەلاحترین دەزگاکانی بەگەڕخستنی گوتاری بەرخۆریزمە لە کوردستان، فیلم و دراما و ڕیکلام، لەشی شمەکی و سێکسی، ڕوداوە سازکراوەکانی نێو میدیای کورد؛ لەڕێگەی نیشاندانی بەرزترین کوالێتی وێنە، کۆد و هێما و هێمای مەجازی بۆ بینەر دەخەنەڕو (قانع، ٢٠١٢، ٧٢)، ئەوان ڕەگەزی بنەڕەتی ئالۆزی و مەسرەفگەرین و تاکی کوردیان کردوەتە بینەر و وەرگرێکی ڕوت. ماس میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سیستمێکی هەمەلایەن مۆدێل، و مارکە و باوەڕە تایبەتییەکانی تاک ئاڕاستەدەکەن و پێشبینی و هیوا دەچێنن و ئەوان دەزگای ملکەچکردنی کۆمەڵن بۆ نیشانە و نمایيشەکان (لیپۆڤیتسکی، ٢٠١٩، ٣٦٦)، میدیا گەرەکییەتی باوەڕمان پێ بهێنێت کە خواستی بەرخۆری بونیادێکی ناخەکی و ڕەوا و ژیرەکییانەی تاکەکانە و سەرسەختانە دەکۆشن تاکو تاکی بەرخۆر وێڵی پەیامی کەلتوری بەرخۆری بکەن.

بەرخۆری لە کۆمەڵگەی کوردی کایەی پەروەردە و فێرکردنیشی گرتۆتەوە، لەم دواییانە خوێندنگەی ئەهلی، مامۆستای تایبەت، لە خوێندگەی بنەڕەتی، ئامادەیی، پاشان زانکۆ و خوێندنی دەرەوەی وڵات لەژێر فشاری دیاردەی بەرخۆریزم ئاڕاستە دەکرێت و لۆژیکی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە ئامادەیی بازاڕ لە کایەی پەروەردەدا، بۆنمونە؛ مامۆستای تایبەت و باش ئەو مامۆستایەیە کە پارەی زۆر وەردەگرێت لە خوێندکارەکەی، ئایدیای گرانی و بەرزی نرخی کۆرس و خوێندگەی ئەهلی بوەتە پێوەری پێشکەشکردنی پەروەردە و فێرکردنێکی باش لە هەرێمی کوردستان، بەمجۆرەش قوتابخانە ئەهلییەکان هەم خۆیان پرۆژەی ئابورین، هەم ئەو خوێندکارەی تیایدا دەخوێنێت بەشێکە لە پرۆژەی مەسرەفی و نمایيشییەوە (قانع، ٢٠١٨، ٢٨٢). هەروەها مەسرەفگەرایی بابەتی نوسین و کتێبیشی گرتۆتەوە، بەتایبەت ئەوکاتەی نوسین لە فۆڕمی کتێبدا لەپێناو نمایيش"Spectacle" و خۆنواندندا بڵاودەکرێتەوە، لێرەوە نوسین و کتێب فۆڕمی شمەک وەردەگرن و دەچنە نێو پرۆسەی مەسرەفگەراییەوە، بۆنمونە لەم دو دەیەی دواییدا کۆمەڵگەی کوردی دوچاری شەپۆلی وەرگێرانی بەرهەمە بیانییەکان بۆوە، لەم بەرهەمانەدا ڕەچاوی پسپۆڕی و لێهاتوی و ئەزمون و شارەزایی ناکرێت، بەڵکو ئامانجی بەشێکی زۆری وەرگێڕان نمایيشی "خۆ"یە (محمد، ٢٠١٤)،

لێرەوە کردەی وەرگێڕان کۆدێکە و بەرهەمی وەرگێڕیش شمەکی مەسرەفکردنە. بەمڕێگەیەوە چالاکی هونەری، کەلتوری، مۆسیقا، ئەدەبییاتیش، لەپێناوی بەرخۆری ئەنجامدەدرێن، لێرەدا ئەم کارانە لە ماهییەتە بنەڕەتییە ڕەخنەیی و ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکەی داماڵراون، بەڵکو ئەوان لەجێگەیدا ڕەچاوی پەسەندی خەڵک دەکەن و حەزی گشتی پێوەری ئەم بەرهەمانەیە.

## باسی دوەم: دەرکەوتەکانی بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کوردی: سێکس، بازاڕ، خۆراک و پیشەسازی جوانکاری:

دیارترین دیمەنەکانی بەرخۆریزم لە کۆمەڵگەی کورد بریتییە لە کایەی سێکس. لە دو دەیەی ڕابردو، بابەتی سێکسفرۆشی و سێکسکڕین لە کوردستان بازاڕێکی فراوانی خەرجکردن و مەسرەفگەری داگیرکردوە، ئەویش لەوکاتەوە دەرکەوت کە سێکس وەک شمەکێکی شیاو بۆ فرۆشتن و کڕین پەرەیپێدرا و لەش خرایە خزمەت پارە پەیداکردنەوە و چێژی سێکسیش بریتییە لەوشتەی کە دەکرێ وەک هەر شمەکێکی تر بکڕدرێت، بۆنمونە؛ تەنها لە ساڵی "٢٠١٠" نزیکەی "٤٥" باندی بازرگانیکردن بە سێکسەوە لە هەرێم هەبوە. مەسرەفگەرایی سێکس دیاردەیەکی نوێی هەرێمی کوردستانە، و تەنها پەیوەست نییە بە هەژاری سێکسفرۆش، بەڵکو ئەم دیاردەیە دەرئەنجامی ئەو فشارە زۆرەیە کە کۆمەڵگەی بەرخۆر لە تەواوی کایە جیاوازەکان دروستی کردوە، چونکە بۆنمونە خودی چێژ تایبەتمەندییەکی گرنگی تاکی بەرخۆرە، بەڕێی ئەمەوە سێکسفرۆش لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی خەرجکردنیی هەمو ڕێگەیەک بەکاردەهێنێت، سێکسکڕی مەسرەفگەراش سێکس وەک کۆدێکی مەسرەفی و وەدیهێنانی ژیانی بەختەوەری مەسرەفدەکات (قانع، ٢٠١٨، ١٣٠). لەم پێناوەدا میدیای کوردی، کتێبی سێکسی، ماڵپەڕی سێکسی، بەڕێی پەیامی "نیشاندانی لەشی سێکسی، بەهێزکردنی کردەی سێکسی، تەندروستی سێکسی، سێکسی گونجاو، خواردنی بەهێزکەری سێکسی" دونیای بینەر و خوێنەر داگیردەکەن و دنەی مەسرەفکردن و گەرمکردنی بازاڕی سێکسی دەدەن (محمد، ٢٠١٤). بەپێی بۆچونی "سیگمۆند فرۆید-1856-1939" مرۆڤ بە سروشت و لە خرۆسکی خۆیەوە خواست و مەیلێکی ڕەمەکییانەی بۆ سێکس هەیە، بەڵام لە سۆنگەی تیۆرەکەی بۆدریارەوە، کاتێک ئەم پرسە چوە چوارچێوەی بازاڕ و کڕین و فرۆشتنی پێوەکرا و بازاڕی گەرمی بۆ سازکرا؛ ئەوا لە کردە و مەیلێک تێدەپەڕێت و دەچێتە چوارچێوەی مەسرەفکردن و بەرخۆریزمەوە.

دواجار بەهۆی بە ئینتەرنێتکردنی ژیانی کۆمەڵگەکان، و شەپۆلی گوتاری سێکسی لە کوردستان گەنجان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە وابەستەی تۆڕە سێکسییەکان بون و ڕۆژانە بەکاریدەهێنن، بەهۆی ئەو

فشارەی گوتاری سێکسی بەدوای خۆیدا هێناوە، گەنجان ڕۆچونەتە نێو کایەی جۆرێک سایبەرسێکس"Cybersex"ەوە، دونیای جموجۆڵی سایبەرسێکس لە کوردستان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی "تیک تۆک، ئینستگرام، سناپچات"ە، ئەمەش دواجار سەبژێکت"Subject" لە دونیای ڕاستەقینە، خۆپێگەیاندن و چالاکی دادەماڵێت و سەبژێکتێکی تەمبەڵ و نادڵنیا دەخاتەوە، سێکس-نمایشکەر تینوی فرۆشتنی سێکس و بینەریش وێلی کڕینی دەکات، پاشان ئەوان هەمیشە دونیای سایبەر و شاشەکان بە دونیایەکی چێژبەخشتر و ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت.

مەسرەفگەرایی سێکس، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤار وماڵپەڕی ئینتەرنێت و میدیای دیجیتاڵی، کلیپی گۆرانی، لەڕێگەی شەپۆلی گەورەی گوتاری وێنە و فیلم و ڕیکلامەکانیان؛ تادێت ڕوبەرێکی گەورەتر لە بازرگانی خەرجکردنی چێژ و سێکس بەگەڕدەخەن و وێناکردنی مەجازییانەی لەشی ژن و پیاو وەک بونەوەرێکی سێکسی لە سەنتەری ئەم گوتارە مەسرەفگەرییەدایە. لێرەوە ئەم نەوەیەی دوایین، نەوەیەکی خود-ئەڤینە و شوناسی خۆیان لەڕێگەی ئەگەر و مژدە و چێژەکانی خۆیان لەپاڵ ئەو کەلتورە جەماوەرییە نوێیەدا دروستدەکەن کە مەسرەفگەرایی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. دیاردەی دەستکاریکردن و گۆڕینی ڕوخساری لەش بۆنمونە "جوانکاری لوت، لێو، ڕومەت، قژ، هەمو جۆرە وەرزشەکانی پەروەردەکردنی لەش"؛ ئەنجامی شەپۆلی ئەو مەسرەگەراییانەن کە گوتاری سێکسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئاڕاستەی کردوە (قانع، ٢٠١٢، ٤٨-٥٤). بەهۆی ئەم خواستە بەرزەی خود-ئەڤینییەوە سەبژێکتی ڕاستەقینە ئاوابوە و لەدواجاردا ئەوەی سروشتی سەبژێکت"کورد" ئاڕاستە دەکات بریتییە لە ژمارەیەک حەز و خولیای مەسرەفگەراییانەی نێو دونیای دەستەجەمعییەوە (ژیژەک، ٢٠١٥، ١٤٤).

بیریاری فەلسەفەی هاوچەرخ "میشێل فوکۆ-1984-1926" شیکاری کایەی سێکسواڵیتە و کاریگەری توخمی سێکس لەسەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگەکان ئەنجامداوە، لەژێر ڕۆشنایی هزری فوکۆ بەتایبەت لە پەرتوکی "مێژوی سێکواڵیتە"، دەتوانین بڵێین دەسەڵات بەگشتی و دەسەڵاتی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت، بەڕێی میدیا و دەزگاکانییەوە لە "تەندروستی، پەروەردەیی، ڕێکخراوە سیاسی و شارستانییەکان"ەوە بریتین لە ماشێنی بەگەڕخستنی گوتاری برەودان بە لەشەکان و داماڵینی لە ڕەهەندە ناخەکی و خودییەکانی تاکەکان و کورتکردنەوەی توانست و خواستە کەسییەکانی کۆمەڵگەی کورد بەرەو خەونی هەبونی "لەشێکی جوان"، ئەمەش تەندروستی لەش، ڕێکی لەش، خوازراوی لەش، کە بەڕێی گوتاری سێسکەوە سەرەتای گرتوە و لە ئێستادا وەرزشکردن، جوانکارییەکانی جەستە، سێکسی تەندروست، دەچنە خزمەت پڕۆسەی حکومداریێتی لەشەکانەوە، بە تێڕوانینی فوکۆ ئەم نەزمە لە سەرەتادا لە خێزان و بنەماڵە بۆرژواکانی خۆرئاوا دەرکەوتوە و پاشان دەگشتێنرێتە سەرجەم ئاستەکانی کۆمەڵگە و گرنگیدان بە "لەش"

دەبێتە شتێک کە هەموان بێوچاون هەوڵی بۆدەدەن، و دەسەڵاتیش بەسەرجەم دەزگاکانییەوە بەرێی پەیامە بەردەوامەکانییەوە گەشە بەم پرۆسەیە دەدات. بەهۆی ئەمەوە دەسەڵات دەستدخاتە قوڵایی ژیانی کۆمەڵگەوە و لە ئەرکی دادوەرییەوە دەگۆڕێت بۆ"ژین-دەسەڵات" بەمجۆرە دارشتەکانی دەسەڵات خۆیان بە لەشەکانەوە گرێدەدەن و دەسەڵات جەماوەر، یاخود لەشەکان بەرێوەدەبات، ئاڕاستەدەکات، بەرهەمدەهێنێت و بەکاردەهێنێتەوە (فوکۆ، ٢٠١٧، ٢٣٥-٢٤٥). واتە گەر لە پێشوتردا مرۆڤ بەهۆی سێکسەوە سزا درابێت؛ ئەوا لەئێستا ستراتیژی پەرەدان بە لەشی سێکسی دیارترین پەیامی دەسەڵاتە، ئەمەش بە ئامانجی داماڵینی کۆمەڵگە لە چالاکی سیاسی و کۆمەلایەتی، پاشان ئاڕاستەکردنیان بەرەو مەسرەفگەرایی وەدیهێنانی لەشی سێکسی. بەمرێگەیەوە بەرهەمهێنانەوەی سێکس هۆکاری بەهێزی و مانەوەی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگە بەرخۆرەکان و سێکس یەکێکە لە دیارترین ڕەهەندەکانی بە بەرخۆریزمکردنی کۆمەڵگە.

لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی بەرخۆردا نیشانەی بەختەوەری کورتدەبێتەوە لە توانینی کرینی شمەک، بۆنمونە چیتر بەختەوەری لە جەژن و بۆنەکانی کۆمەڵگەی کوردی نامێنێت ئەگەر بێتو لە کردەی کرین و مۆدێل و نمایش"Spectacle" دابماڵرێت، ئەوا گەشەسەندن و فرەیی شمەک و بەرهەم نەبۆتە مایەی بەدیهێنانی بەختەوەری و دادپەروەری چینەکان، بەڵکو لە سایەی لۆژیکی کۆمەڵگەی بەرخۆردا جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە و ژیانکردنیان زۆرتر بۆتەوە و بەختەوەریش لەو شمەکەدا کورتدەکرێتەوە کە هێشتا نەمانکریوە و هەوڵی کرینیش لەنێو کردەیەکی بازنەییدا خولدەخواتەوە (مەنسور، ٢٠١٨، ١٠٤).

بەمشێوەیە بەرخۆری کۆمەڵگەی کورد ئایدیای ناسیۆنالیزمی کوردی گۆڕیوە بۆ ئایدیای بەرخۆری و چێژی کەسی، ئەگەر لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو ئایدیای "بمکوژن لەت لەتم کەن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن" (موکریانی، ٢٠٠٥، ١١٨). گوتاری زاڵ بوبێت لە کۆمەڵگەی کوردی، ئەوا گوتاری زاڵی ئەم سەردەمە بریتییە لەوەی دەڵێت، "ئەو شوێنەی چێژم پێدەدات، نیشتیمان و نەتەوەمە "ە، یاخود "لێمەڕی بۆخۆم بژیم".

**ئەنجام**

بەرخۆریزم دیاردەیەکی جیهانییە و خۆرئاوا و کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان، لە قوڵایی مانیفێستکردنی ئەم دیاردەیەن، بەپێی تێڕوانینی بیرمەندی فەرەنسی "ژان بۆدریار" کۆمەڵگەی بەرخۆر شمەکەکان لەپێناو بەکارهێنانیان ناکرێت، بەڵکو مەسرەفکردنی شمەک، تەنها کۆد و هێمایەکە بۆ ژمارەیەک هێمای تری وەک

خۆنواندن، سەلماندنی پێگەی کۆمەڵایەتی، نیشاندانی بەختەوەرییەکی ناواقیع...هتد. لەم کۆمەڵگەیەدا وێنە و شاشەکانی دونیای دیجیتاڵ، شوێنی واقیعی ڕاستەقینە دەگرێتەوە، دونیایەکی مەجازی و سازکراو بۆ بینەر دەخرێتەڕو، بۆدریار پێیوایە لەم کۆمەڵگەیەدا سەبژێکت چیتر سەبژێکتی کاریگەر بەسەر ئۆبژێکت"Object"دا نییە، بەڵکو ئۆبژێکت و شمەکەکان؛ خواست و چێژ و بەختەوەری سەبژێکتەکان گەمە پێدەکات. میدیاکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئاگایی و باوەڕی تاکەکانی کۆنترۆڵ کردوە، و بەڕێی پەیامەکانیان هەمیشە هانی خەرجی ومەسرەفکردنی زیاتری بینەرەکانی دەدەن، هەروەها لۆژیکی بازاڕ لە کۆمەڵگەی بەرخۆردا کڕین و فرۆشتن بە چێژەکانیش دەکات، کردەی سێکس بەرکەوتەی دیاری ئەم لۆژیکەیە، ڕەوایەتی بەشمەکبونی لەشەکان، بازاڕی میدیا، سێکسفرۆش و سێکسکڕ گەرم دەکات.

کۆمەڵگەی کوردی لە گوزەری بەرخۆریزمدایە و کێبڕکێی پەرەدان بەم دیاردەیە دەدات، لەبەرئەوە کایەی بە بەرخۆریزمبونی کۆمەڵگەی کوردی؛ لەپێناو ئاشکراکردن و شرۆڤەی لایەنە جیاوازەکانی تایبەتمەندی ئەم دیاردەیە لە کۆڵگەی کوردیدا، پێویستی بە زیاتر لێکۆڵینەوە و لەسەر وەستانە، چونکە ڕاستە بەرخۆریزم دیاردەیەکی نەرێنییە، کۆمەڵگەکان دوچاری دەبنەوە، بەڵام ئایا دەشێ لەپاڵ ئەم نەرێنیبونە؛ بەرخۆریزم ڕەهەندی ئەرێنی تیادابێت بۆ کۆمەڵگەی کوردی، بۆ نمونە ئایا دەشێ ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ناکۆک بێت بە نرخاندنی دەستەجەمعیی نەریتی، خێزانی، خێڵەکی؟

# Consumerism in Kurdish Society in the Thought of Jean Baudrillard

**Jutyar Ismael Jamal**

Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

Consumerism is subject targeting by the object and the marketplace in which the subject itself is the producer of the goods but it is deeply affected by the high pressure of the spectacles represented in the Post-Industrial society, i.e., the dreams of the subject itself, are limited to having goods, purchases and expenditures. This is, in fact, not related to one of the uses of the goods themselves, but to several other codes. Thus, the goods have been given an effective role to the extent that they contribute to giving the individuals' social status and identity so that everyone, from all corners of the world, make an attempt to do the expenditure with the goods. According to Baudrillard, due to the influence of the codes and trademarks, society has become passive and has surrendered to the goods. In this case, the consumers will lose the demand for purchase as the modes and the trademarks are increasing and are temporary on one hand, and not everyone is able to afford the purchases. This results in dissatisfaction rather than satisfaction. Therefore, the worriedness of not being able to purchase the goods is one of the obvious characteristics of the consumerism society, and this has resulted in a shift in which the subject has been turned into the target of the object. The goods are directing the individuals towards their demands and the satisfaction of the subject is linked to the amount of having the goods. The Kurdish society has been rapidly and unconsciously moving towards consumerism in the last two decades, on the grounds of the Internet and technology. This is shown in the form of transforming the Kurdish subjects into a world of privilege. Hence, our aim of the study is to reveal the consumerism in our society and to examine its basics.

**Keywords:** Jean Baudrillard, Consumerism, Hyperreality, Goods, Simulacra, Spectacle and Kurdish Community .

**سەرچاوەكان**

بۆدریار، ژان، (٢٠١٧)، واقیعی مەجازی، و. وەلید عومەر، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

بۆدریار، ژان، (٢٠١٨)، سیستەم و تاقانە، و. هاوار محمد، سلیمانی، چاپخانەی تاران.

بۆدریار، ژان، (٢٠١٩)، چۆنە ئا ئێستا هەمو شت ئاوا نەبوە، و. وەلید عومەر، سلێمانی، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند.

پلانت، سادی، (٢٠١٨)، ژێستی هەرە ڕادیکاڵ، و. هاوار معمد، سلێمانی، چاپخانەی حمەدی.

حەمە، ئازاد، (٢٠٢١)، فەلسەفاندنی پەتا فەیلەسوفەکان و کۆڤید-19، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

حەمە، ئازاد، (٢٠٢٣)، ڕاڤەکاریی فەلسەفیی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

ژیژەک، سلاڤۆی، (٢٠١٥)، بەخێربێن بۆ بیابانی ڕیاڵ، و، وەلید عومەر، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

فوکۆ، میشێل، (٢٠١٧)، مێژوی سێکسوالێتە 1، و. کاوە دەستورە، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.

قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٢)، شوناس و ئاڵۆزی، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٢)، لە چ ئێستایەکدا دەژین؟ دەربارەی بەرخۆری و دین و دراوسێکانمان، سلیمانی، چاپخانەی کارۆ.

قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٨)، کۆمەڵگە و غەریبەکانی، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف، (٢٠٠٧)، سایکۆلۆژیای گشتی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

کۆمەڵێک نوسەر، (٢٠١٧)، پۆستمۆدێرنە: سەردەمی هەڵبژاردنە بیشومارەکان، و. چەند وەرگێرێک، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

کۆنۆر، ستیفن، سیڤەر، جۆرج، حەسەن، ئیهاب، مەکسینز ود، ئالین، (٢٠١٩)، پۆستمۆدێرنیزم، و. د. ژیار فەلاح، شاهۆ عوسمان، ڕەزوان ەسەن، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

لیپۆڤیتسکی، (٢٠١٩)، چەپ و مۆدێرنە، و. وەلید عومەر، سلیمانی، چاپخانەی ڕەهەند.

موکریانی، هێمن، (٢٠٠٥)، دیوانی هێمن موکریانی، کوردستان-عێراق.

Baudrillard, Jean, (1998), The Consumer Society, translated by George Ritzer, Published by Sage Publication, Supported by French Ministry of Culture, London, United Kingdom.

M. W. Smith, (2006), Reading Simulacra, Fatal theories for postmodernity, University of Nebraska Press, Volume: 13, Numbers 1-2, 2005. Available at: https://muse.jhu.edu/article/199950/pdf. Also available at:
https://books.google.com/books/about/Reading_Simulacra.html?hl=ar&id=zQx27BBcujQC.

-Habib, Monther Mohad, (2018), Culture and Consumerism in Jean Baudrillard, the Journal of Asian Social Sciences, September 2018, Vol. 14, No. 9, available at:
https://www.researchgate.net/publication/327340836_Culture_and_Consumerism_in_Jean_Baudrillard_A_Postmodern_Perspective/link/5b89368ea6fdcc5f8b738914/download?_tp=eyJjb250ZXh0Ijp7ImZpcnN0UGFnZSI6InB1YmxpY2F0aW9uIiwicGFnZSI6InB1YmxpY2F0aW9uIn19

- Jeseph, Kehinde Oladele, (2013, Consumerism and its influence on Food and Drug Marketing, the Journal Multidisciplinary of Research Development, Vol. 8, No. 5, available at:
http://eprints.covenantuniversity.edu.ng/6592/

بودريار، ژان، (٢٠١٨)، جامعة مصرفی، اسطورەها و ساختارها، ترجمة، پیروز ایزدی، چاپ هفتم، تهران، سازمان چاپ احمدی، صحافی: مینو.

بێل، تیمۆتی، دێل، ویلیام، (٢٠١٤)، دەربارەی ژان بۆدریار، هەفتەنامەی چاودێر، و. پێشڕەو محمد، ژمارە "٢١٠" بەرواری "٢٠١٤-".

بەدلە، جەلال، (٢٠١٨)، ژان بۆدریار کێیە؟، ژمارە (٦٦-٦٧)ی دەزگای ئایدیا، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

زەیمەران، محمد، (٢٠١٤)، جیهانی پۆستمۆدێرن، وەهمی مێژو و کارەسات، گفتوگۆ لەگەڵ محمد زەیمەران، و. پێشڕەو محمد، گۆڤاری کۆچ، ژمارە "١٢"ی "٢٠١٤"، لا: "١-٥".

شوانی، دانا، (٢٠١٨)، کۆمەڵگەی بەرخۆر، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە "٧٨٧٩"، هەولێر.

عومەر، وەلید، (٢٠١٤)، نیشانەکان بەرەو کوێ دەچن؟، گۆڤاری کۆچ، ژمارە "١١"ی "٢٠١٤"، لا: "١-٣"

کەریمی، بەیان، (٢٠٢٠)، ڕامان لە سەردەمی کۆڕۆنا، گۆڤاری شوێنی ئێمە و ناشوێنی کۆڕۆنا، ژمارە (١)، ئێران، سنە، زانکۆی کوردستان،

محمد، پێشڕەو، (٢٠١٤)، فیتیشیزم؛ قامچییەکانی ئەبەدییەت و شۆکی یونیڤێرسالیزم، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە "١١"ی "٢٠١٤".

مەنسور، ئەشرەف، (٢٠١٨)، لە لیبڕالیزمەوە بۆ کۆمەڵگەی بەکاربەر، ژمارە (٦٦-٦٧)ی دەزگای ئایدیا، سلێمانی.

حەمەفەرەج، نەوزاد جەمال، (٢٠١٩)، بەرخۆری هزری لە ڕوناکبیریی کوردیدا،ماڵپەڕی www.researchgate.net، لێرە بەردەستە: https://www.researchgate.net/publication/335703008

## پەراوێزەکان:

[i] "Always to receive"

[ii] بێگومان ئەو واقیعە پەڕگیرەی بۆدریار کە پێشتر خستویەتەڕو، لە ماوەی ئێستاماندا گەیشتوە قۆناغێکی بەرزتر و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی بەرخۆر زیاتر چڕبۆتەوە.

[iii] کۆمۆنیزم چەمکێکی ڕیشەیی فەلسەفەی سیاسی کارل مارکس-ە کە پێیوایە بەهۆی کەڵکەڵبونی چەندایەتی ستەم و زۆرداری سەرمایەداری و خاوەن کارگە و دەسەڵاتدارەکانەوە؛ دواجار ئەم کەڵەکەبونە چەندایەتییە گۆڕانی چۆنایەتی دروستدەکات بەوەی کە کرێکارانی جیهان یەکدەگرن و سیستمی سەرمایەداری تێکدەشکنن و سیستمی کۆمۆنیزمی کە بریتییە لە کۆمەڵگەی کرێکارەکان و نەبونی خاوەندارێتی تایبەت جێگەی دەگرێتەوە و پێیوایە لێرەوە مرۆڤ دەگاتە بەختەوەری و بونیادی مرۆییانەی خۆی بەدەستدەهێنێت.

[iv] تێربون لە خواستەی بێشومارەی کڕینی شمکە، گەیشتن بەو سنورە مەحاڵ و نادیارەی مەسرەفکردنی شمەک.

[v] بۆدریار دەڵێت: "ئەگەر داوام لێبکرێت ناو لەم دۆخە باڵادەستەی ئەم سەردەمە بنێم؛ ئەوا ناوی دەنێم 'سەردەمی پۆست زێدەڕەوی' (بۆدریار، ٢٠١٩، ١٦٥).

[vi] لای بۆدریار کارەسات بە مانای "خێرایی، پێشکەوتن، زیادبون، ناسەقامگیری"ە (زەیمەران، ٢٠١٤).

[vii] نیشانە"Sign" واتە شتێک ئاماژە بدات بە شتێکی تر، شتێک کە ونبوە و ئێستە بەردەست نییە، بەڵکو نیشانەکەی لێرەیە، بۆنمونە "دوکەڵ نیشانەی ئاگرە"، بەڵام لە هزری بۆدیار نیشانەکان چیتر ئاماژە و هێمای شتێکی نادیار"غایب" نادەن بەدەستەوە، بەڵکو ئۆبژێکت و شەک لە کۆمەڵگەی بەرخۆریدا دەبن بە نیشانە، نیشانە دەبێتە زڕەوێنە-"Simulacra-وێنەدانەوە"یەک کە ئاماژە بۆ واقیعەکە ناکات، واتە نیشانە لەو ئۆبژێکتە جیابۆتەوە کە بڕیارە بنوێنرێتەوە، بەڵکو سیمولاکرا سەربەخۆیە ئاماژە بۆ واقیعی دەرەکی ناکات (پلانت، ٢٠١٨، ٤٢-٤٤).

[viii] بۆدریار پێیوایە ڕوداوی تیرۆریستی و جەنگەکانیش واقیعی مەجاری و وێنە و شاشەکان ئەنجامی دەدەن، بەتایبەت لە پاش ڕوداوی "١١"ی سێپتێمبەری کەوتنی هەردو تاوەری بازرگانی ئەمریکا. هەروەها ئەو جەختدەکاتەوە کە جەنگی کەنداو ڕوینەداوە، چونکە ئەوەندەی ڕوداوەکە لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرا و ئەوەندەی گرنگی بە بەرنامەسازی و نیشاندانی وێنەکان دەدرا، ئەوەندە گرنگی بە قوربانی و کوشتارییەکان نەدەدرا، لەبەرئەوە وێنەکان ڕوداو بەکاردەبەن و مەسرەفی وێنە شوێنی جەنگەکانی گرتۆتەوە (بۆدریار، ٢٠١٠، ٣٨-٤٤).

[ix] بۆنمونە، لە کلیپی گۆرانییەکی "Hellyluv" جلەکانی، جوڵە و نواندنەکانی، دەبنە سەرمەشق، و خانمان لە گۆشەکانی دونیا خواستی کڕین و پۆشین و لاساییکردنەوەی دەکەن، ئەمەش لەپێناو نمایشکردنی بۆ سەرنجی ئەوانی دیکە.

[x] بۆدریار دەڵێت، تەنها یەکجار سەردانی سینەما یاخود سەیری بەشێک لە فیلمەکانی هۆلیود بکە، پاشان پاسەیەک بەنێو ئەمریکادا بکە، ئەوەکاتە بۆتدەردەکەوێت کە لە دەرەوەی سینەماکانیش سەرتاسەری وڵات ڕوخسارێکی سینەمایی هەیە و هەستدەکەین لەنێو دیمەنێکی سینەمایی فیلمێکدا ئەکتەری و نمایش"Spectacle" دەکەیت (سیڤەر، ٢٠١٩، ٣٣١).

[xi] وێنەدانەوە یاخود لەبەرگرتنەوە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی فەلسەفەی بۆدریارە، لای ئەو ئەم چەمکە بەمانای وێنەدانەوەی واقیعێکی ڕاستەقینە"Original" نادات، بەڵکو لای ئەو وێنەدانەوە"سیمولەیشن" بریتییە لەو واقیعە سازکراوەی دونیای وێنە"Image" و تەکنەلۆژیا و ماس میدیاوە، کە بەتایبەتی لە پاش داهێنانی فۆتۆگراف، فیلم و تۆماری دەنگی و تەلەفزیۆن و میدیای دیجیتاڵی"Electronic Media" دەردەکەوێت، ئەمەش لەسەرەتادا بەوشێوەیە کارکراوە کە لاسایی واقیع بەجۆرێکی ئەوپەڕی واقیع و نزیکە لێی، پاشان لەم نواندنەوەدا واقیع بەتەواوی ون بوە و وێنەدانەوەکە چیتر ئاماژەی وێنەیەکی واقیعی تیانەماوە، بەڵکو ئەوەی هەیە لەم سەردەمەدا بریتییە لە زێدەواقیعێکی سەربەخۆ (بۆدریار، ٢٠١٩، ٣٣٤-٣٣٨). هەروەک لای دی سۆسێر داڵ"Signifier" بریتییە لە دەنگی وشە 'بۆنمونە وشەی "دەرگا"، مەدلول"Signified"یش بریتییە لە مانا و فۆرمەکەی "دەرگا"، واتە دال ئاماژە و دەنگێکە، مەدلول ئاماژێنراوی ئۆبجێکتییە، بەلاَم لای بۆدریار بەهۆی ئاوابونی واقیع و بونی واقیعێکی مەجازی و سازکراو؛ تەنها داڵ هەیە و مەدلول چیتر نەماوە و ئاوابوە، چونکە واقیعێکی ئۆبجێکتی لەگۆڕێ نییە تاکو پێوەری واقیعە نوێیەکە بێت (عومەر، ٢٠١٤)، واتە ئەگەر مارکەی "Nike" داڵێک بێت بۆ مەدلولی پێلاوێکی باش؛ ئەوا خودی لۆگۆ، مارکە، "نایک"، چواندن و ڕێزی زۆرترە لە پێلاوەکە.

[xii] بۆدریار بەپێی پەیوەندی نیشانەکان بە واقیعەوە؛ شوێنپێی نیشانەکان هەڵدەگرێت تاکو بزانێت واقیع بە کوێ گەیشتوە، دواجار لای ئەو بەهۆی شەپۆل و زیادەڕەوی تەکنەلۆژیا و دیزایین و داتاکردنی کۆمپیوتەری و شاشەکانەوە، کە لە سەرەتادا لەپێناو نواندنەوەی واقیع بەگەڕ خرابون؛ واقیع چیتر نامێنێت و واقیعی ساختە و کۆد و ڕەمز و زڕوێنە و وێنەدانەوەکان دەبن واقیعی ڕێزلیگیراو، ئەم پرۆسەیەش لای ئەو بەمشێوەیە ڕویداوە، ١- وێنە ئاماژە بۆ واقیعێکی قوڵ دەکات"وێنەیەکی وەفادار بە واقیعەکەی"، ٢- وێنە واقیعێکی قوڵ دەشارێتەوە وێنە ڕۆڵی دەمامک"Mask" دەبینێت"وێنە خیانەت لە واقیعەکەی دەکات"، ٣- لەگەڵ پەرەسەندنی نیشانەکان دەردەکەوێت و وێنە غایب و نەبونی واقیع دەشارێتەوە، واتە وێنە ئاسەواری شاردنەوەی واقیع ناهێڵێت و وەک ئەو دەمامکە کاردەکات کە هیچی نەشاردۆتەوە، ٤- سەردەمی هاوچەرخ و ئێستامانە و بریتییە لە وێنەیەکی پەتی و خۆبەڕێوەبەر و واقیعێکی ساختە و مەجازی کە دونیای زڕەوێنەکانە و لەڕێگەی تەکنەلۆژیا و ماس میدیا و شاشەکانەوە دروستکراوە، بۆنمونە شاری یاری دیزنی لاند" Disney land" لە ئەمریکا شارێکی خەیاڵییە، جێگەی واقیعی گرتۆتەوە، دونیای وەهم و شاشە و واقیعێکی سازکراوی هۆشسامکەرە، لای بۆدریار دیزنی لاند واقیعی ئەمریکایە نەک پێچەوانەکەی (بۆدریار، ٢٠١٩، ١٤٩+٣٣٨)، (محمد، ٢٠١٤). دەتوانین بڵێین کۆی ئەم سیستمە شرۆڤەییەی بۆدریار ماشێنی بە بەرخۆریکردنی کۆمەڵگەن، چونکە هەموان لە خزمەت دروسکردنی ڕەزامەندی و سەرنج و چێژی بینەر و بەکاربەر ئاراستەکراون، پاشان سەرنج و پەسەندکردنەکە مەسرەف و خەرجکردنی وێنە و جیهانە نمایشکراوە سازکراوەکەی بەدوادا دێت.

[xiii] لە ئاستی گشتیدا مەبەست لە داماڵین لای بۆدریار، بەواتەی چیتر نەبونی سێبەری شتەکانە، چیتر واقیعێک، وێنەیەک، مەرجەعێکی ڕاستەقینە نەماوە تاکو لەڕیەگەیەوە ئاماژە بۆ زڕەوێنە و وێنەدراوەکە بکەین کە لەم سەردەمە تیای دەژین.

[xiv] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://amac.us/trump-says-pandemic-shows-era-of-globalization-is-ove هەروەها /https://time.com/5406130/we-reject-globalism-president-trump-took-america-first-to-the-united-nations

[xv] بەگوێرەی دوایین لێدوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێم زیاتر لە "1,220,000" موچەخۆری هەمیشەیی هەیە، کە دەکاتە "20%"ی تەواوی هاوڵاتییانیی و ڕێژەی "80%"ی داهاتی وڵات بۆ ئەوانە، ئەم ژمارەیە بەڵگەی زەقی دیاردەی بەرخۆرییە لە کوردستان (بڕوانە: .(https://www.youtube.com/watch?v=f6jVbK80oAU&feature=share

[xvi] بۆنمونە شاری سلێمانی لە ساڵی "٢٠١٠" لە کۆی "١١٤٤" فەرمانگە، تەنها "١٤"یان پیشەسازین، جگە لە چەند فەرمانگەیەکی سەربازی، نزیکەی "١٠٠٠" فەرمانگەیان بازرگانی و خزمەتگوزارین (قانع، ٢٠١٢، ٥٨).